محمدی مەلا کریم

# لە پێناوی ڕاستی و کورد و خانیدا



دەمەتەقێ یەکی دۆستانە لەگەڵ کاک مارتین ڤان برواینێسن
لە بارەی ئەحمەدی خانی و مەم و زینەکەی و،
دەوری مەم و زینەوە لە وشیاری نەتەوەیی کورددا

محمدی مەلا کریم

# لە پێناوی
# راستی و کورد و خانیدا

ئەم نامیلکەیە، بۆ یەکەمجار، بە وتارێکی سێ ئەڵقەیی، لە ژمارە ١٩ - ٢٠ی گۆڤاری (گزینگ)دا بڵاوکراوەتەوەو، لەم چاپەیدا هەندێ وردە دەسکاریی پێویستی تێدا کراوە.

محمدی مەلا کریم

# لە پێناوی راستی و کورد و خانیدا

دەمەتەقێ یەکی دۆستانە لەگەڵ کاک مارتین ڤان برواونێسن لە بارەی ئەحمەدی خانی و مەم و زینەکەی و دەوری مەم و زینەوە لە وشیاریی نەتەوەییی کورددا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
**ئاراس**

**زنجیرەی ڕۆشنبیری**
خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین
سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب
* * *

کتێب: لە پێناوی ڕاستی و کورد و خانیدا
بنووس: محمدی مەلا کریم
بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە: ١١
بەرگ: محەمەد قادر
سەرپەرشتیی چاپ: عەبدولقادر عەلی مەردان
چاپخانەی: وەزارەتی پەروەردە
لە کتێبخانەی نیشتمانیدا
ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٩٩ی دراوەتێ
چاپی یەکەم. هەولێر ـ ١٩٩٩

توێژەرەوەی وردەکار و چالاکی هۆڵەندایی کاک مارتین ڤان براونێسن لە ١٩٩٥/٥/٢٧ دا وتارێکی لە ژێر ناوونیشانی «مەم و زینی ئەحمەدی خانی و دەوری وی لە دەرکەوتنی وشیاریی نەتەوەیی کوردیدا»، لە سیمینارێکی تایبەت بە بیرەوەریی ٣٠٠ساڵەی لێبوونەوەی شاعیری نەمری کورد ئەحمەدی خانی یەوە لە دانانی (مەم وزین)، خوێندبووەوە، پاشانیش وتاری ناوبراو، کە ڕۆشنبیری هەمیشە ئامادەی کورد کاک حەسەنی قازی لە ئینگلیزی یەوە کردبووی بە کوردی، لە لاپەڕەکانی ١٥-٢٢ی ژمارە ١٤ی گۆڤاری ڕازاوەی کوردی - سویدیی (گزینگ)دا بڵاو کرابووەوە. بەندە، کە لە سێ مانگەی دواییی ساڵی ١٩٩٥ دا لە ئەڵمانیا بووم، وتاری ناوبراوم لە ڕێگای کاک حەسەنی وەرگێڕیەوە بە دەست گەیشت و خوێندمەوەو نیازم وابوو چەند لاپەڕەیەک بە پەراوێزی هەندێ برگەیەوە بنووسم، بەڵام لەبەرئەوەی وتارەکە لە سنووری ئەو چەند کەسە بەدەر کە لە کاتی خوێندنەوەیدا گوێیان لێ بووە، نەگەیشتبوە ناو خوانایانی کورد، لەسەر نووسین و ڕا تێدا دەربڕینیم بە نارەوا زانی، چونکە لەوانەیە کۆمەڵانی خوانایانی پێ بکەونە بەر کاریگەریی داوەری یەکی یەک لایەنەی بیرو بۆچوونەکانی من بێ ئەوەی لە بیروبۆچوونەکانی کاک براونێسن ئاگادار بووبن. بۆیە بڕیارم دا چاوەڕوان بم تا وتارەکە بە بڵاوکراوەیی ئەبینم و ئەو کاتە چیم پێ پێویستە، بیڵێم. ئێستا کە گۆڤاری نازداری (گزینگ)، وەک گوتم، ئەو وتارەی بڵاوکردووەتەوە، ڕەوایە هەرکەسێ بیروبۆچوونێکی لەبارەیەوە هەبێ بیخاتە بەرچاوو، منیش کە خۆم بە یەکێک لەوانە ئەزانم، وا ئەم چەند لاپەڕەیە ئەنووسم و پێشکەشی خوانایانی ئازیزی کوردی ئەکەم.

* * *

کاک براونێسن لە سەرەتای وتارەکەیدا، پاش ئەندازەیەک خۆ بەکەم دانان، پرسیارێکی لە ژێر ناوونیشانی **«داخودا خانی ناسیۆنالیستێکی**

**کورد بوو و داوای دەوڵەتێکی کوردی دەکرد؟»** دا کردووەو، بۆ خۆیشی نەکەوێتە وەڵامدانەوەی خۆی و ئەڵێ: **«هەڵبەت سەبەبی باش هەن بۆ ئەوەی ئەحمەدی خانی بە باوکە گەورەی ناسیۆنالیزمی کورد نێودێر بکرێ و، لە خوارەوە ئەمن نیشان دەدەم کارەکانی، بەتایبەتی مەم و زین، چ دەورێکی گرینگی لە قۆناغە ناسکەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دا گێڕاوە. بەڵام داخودا ئەوە پاساوی ئەو (قسەیە) دەدا کە خانی بۆ خۆی وەک ناسیۆنالیستێکی کورد نێودێر بکرێ؟»**.

ئەنجا پوختەی بیروبۆچوونی خۆی لەم بارەوە لەم چەند ڕستەیەدا ئەخاتە بەردەستمان کە ئەڵێ: **«ئەمن لەو بڕوایەدا نیم و پێشم وایە ئێمە ناتوانین بە پشت بەستن بە یەک دوو دێڕی بە نێوبانگی نێو مەم و زین بگەینە ئەو ئاکامە** [ئاکامی ئەوە کە خانی ناسیۆنالیستە - م] **و بڵێین خانی بیری لە دەوڵەتێکی کوردی کردووەتەوە»**.

بەر لە هەرچی بە پێویستی ئەزانم بڵێم من زۆرم مەبەست نەبوو لەسەر ئەوە بڕۆم کەوا ئاخۆ ئەتوانرێ خانی وەک ناسیۆنالیستێکی کورد ناودێر بکرێ یا نە مادەم براونێسن بۆ خۆی دانی بەوەدا نا کە مەم و زینی خانی «دەورێکی گرینگی لە قۆناغە ناسکەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا گێڕاوە» و «سەبەبی باش هەن بۆ ئەوەی ئەحمەدی خانی بە باوکە گەورەی ناسیۆنالیزمی کورد نێودێر بکرێ»، چونکە لەسەر ڕۆیشتنی بابەتێکی وا تەنها فرەوێژی یەکی بەربەرەڵلای لێ ئەوەشێتەوەو چیی تر نا، لەبەرئەوەی کە، وەک لە قسەکانی براونێسن خۆیشی، لە دوادواییی وتارەکەیدا، دەرئەکەوێ، لەو ڕۆژەوە ئیستیلاحی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیست هاتوونەتە زانستی کۆمەڵایەتی - سیاسی یەوە دەیان شناسنامە بۆ ئەم دوو ئیستیلاحەو هەر ئیستیلاحێکی تری کۆمەڵایەتی - سیاسی دانراوەو، زۆر لە تیووریست و زاناکانی ئەم بابەتانە بە قسەی گەلێکی تر لەوانەی قسەیان لەم بابەتەدا کردووە ڕازی نین و، ئەوپەڕەکەی ئەوەندەمان بۆ ئەمێنێتەوە کە بڵێین بە گوێرەی فلانە تیووری و بە قسەی فیسارە تیووریست ناسیۆنالیزم ئەوەیەو کەواتە خانی ناسیۆنالیستەو، بە قسەی

یەکێکی دی بە جۆرێکی ترەو،کەواتە ناسیۆنالیست نی یەو، بۆیە لام وایە پێویست بوو براونێسن هەڵوێستی تیۆوریی خۆی لەم بارەوە هەر لە سەرەتاوە روون بکردایەتەوەو، بە پێی ئەوەی کە خۆی پێی ڕاستە، شناسایی یەکی وەک مەنتیقی یەکان ئەڵێن (جامع و مانع)ی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیستی بۆ بخستینایەتە دێرە پێشینەکانی وتارەکەیەوە تابزانین مەرجەکانی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیست چین و، کامیان لە خانیدا هاتووەتەدی و کامیان نە ء.

بەلام مادەم کاک براونێسن مەسەلەی ناسیۆنالیستی و نا ناسیۆنالیستیی خانیی بەستەوە بە هەڵوێستیەوە لە بوونی دەولەتێ بۆ کوردو، ئەمەیش پوختەی بابەتی تایبەتێتیی خانی یە، ئیتر مەسەلەکە چاولێپۆشین هەلناگرێ، چونکە هەرکەسێ سەرەتای مەم و زینی خانیی بە لێ تێگەیشتنەوە خوێندبێتەوە بێ پێچوپەنا لەم ڕاستی یە ئەگاو لە بەرچاوی و لە زەینیازەق ئەبێتەوەو، رازی کینەی خەستوخۆلی کۆنەپەرستانی تورکیایش لە خانی و لە مەم و زین، بە درێژاییی سالانی هاتنە ئاراوەی مەم وزین، بۆ ئەم ڕاستی یە ئەگەرێتەوە، ئەگینا مەسەلەی دلداریی تراژیدیی مەم وزین، بارەمزیش بێ بۆ مەسەلەیەکی گەلێ لەم دلداری یە قوولترو دوورتر، ئەوە نی یە ئەم جەنگە شێتگیرانەی لە دوایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانەوە تا ئەمڕۆ بۆ بکرێ.

بیری دەولەتێ بۆ کورد لەسەرەتای مەم و زینی خانیدا تەنها ئەوەندە نی یە براونێسن بیخاتە چوارچێوەی تەسکی «یەک دوو دێڕی بە نێوبانگی مەم و زین»ەوە.

مەسەلەکە گەلێ گەلێ لەمە قوولترەو پێوەندێکی دیالەکتیکیی بە هەموو بەیتە ناسیۆنالیستی یەکانی سەرەتای مەم وزینەوە هەیەو، ئەگەر زۆری و کەمیش دەوری لە بابەتێکی وادا هەبێ، زۆر لە «یەک دوو دێڕی بە نێوبانگ» زیاترە.

کەواتە، وا دێینە سەر ئەسلی مەبەست.

ناسیۆنالیزم یانێ چی و، ناسیۆنالیست کێ یە؟

ئەگەر ئێمە واتای ئەم دوو وشەیەمان مەبەست بێ کە پاشانیش بوون بە دوو ئیستیلاحی سیاسی، ئەوە هەموان ئەزانن ناسیۆنالیست بە کەسێک ئەڵێن گەلەکەی خۆی خۆش بوێ و داکۆکیی لێ بکاو بە پێی توان خۆی تەرخان کردبێ بۆ خزمەت کردنی و، کەواتە ناسیۆنالیزمیش خۆشویستنی گەلی خۆو داکۆکی لێ کردنی و خۆ تەرخان کردنە بۆ خزمەتی. بەڵام ئاخۆ کەسێکی واو کارێکی وا لە کەیەوە هاتوونەتە ئاراوەو، لە چ ڕادەیەکی خۆشویستنی گەلی خۆو داکۆکی لێ کردنی و خۆ تەرخان کردن بۆ خزمەتیدا مرۆ ئەبێ بە ناسیۆنالیست و، لە چ ئاستێکدا ئەو شتە پەیدا ئەبێ کە پێی ئەوترێ ناسیۆنالیزم؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ دواوە،بۆ سەردەمێ کە هێشتا واتای نوێی دوو وشەی (گەل) و (نیشتمان) نەهاتبوونە ئەدەبی سیاسی یەوە.

هەموان ئەزانن لە سەردەمانێکی زووداو تا درەنگانێکیش ئەو واتایانە لە ئارادا نەبوون کە ئەمڕۆ وشەی (گەل) و (نیشتمان) یان بۆ بەکار ئەهێنین و، بەش بەحاڵی (گەل)و واتاکەی، لە هەندێ ڕووداوی مێژوویی ناپایەداری کەفوکوڵ زوو نیشتووەوە بەولاوە پێوەندێ نەبوە مرۆ بە خەڵکی کەوە ببەستێتەوە لە پێوەندی خزم و کەسوکارو لە خێڵ (عەشرەت) زیاترو، هیچ یەکەیەکی کۆمەڵایەتی لە خێزان و ئەنجا بنەماڵەو پاشان خێڵ بەولاوە نەبوەو، کەسێک خۆی بە خاوەن پێوەند نەزانیوە بە خێڵێکی ترەوە با هەردوو خێڵەکەیش لە پاڵ یەکدا ژیابن، مەگەر ژن و ژنخواز پێکەوەی بەستبن و، ئەم پێوەندی یە تایبەتی یەیش لە سنووری ئەوکەسانە خۆیان نەچوەتە دەرەوەو سەرانسەری ئەندامانی هەردوو خێڵەکەی نەگرتووەتەوە. هەرچی (نیشتمان)یشە کە پێشتر بۆ واتایەکی تر بەکار هاتووە، (وەتەن) یا (زێد) یان لە جیاتی بەکارهێناوە کە بە واتای شوێنی لە دایکبوونە، سەردەمانێکی زۆر لەو شوێنە یا ئەوپەڕەکەی ئەو دەوروبەرە تێنەپەڕیوە کە مرۆی تێدا هاتووەتە دنیاوەو گەورە بووەو خێڵەکەیی تێدا ژیاوە. گەرمیان و کوێستان و ڕێگای نێوانیان نیشتمانی

مرۆی خێڵەکی بووەو لەوە بەولاوە هیچ، با خەڵکی ناوچەکەیش هاوزمان یا هاو ئایینی خۆی بووبن.

ئایینێکی وەکو ئایینی ئیسلام ئەنتەرناسیۆنالیزمێکی ئایینیی بۆ پەیڕەوانی خۆی داهێناوە، جیهانی تێکڕا بە دوو چاو تەماشا کردووە: ئیسلام خانە (دار الإسلام)و جەنگ خانە (دار الحرب)و، تەنانەت بایەخێکی ئەوتۆی بۆ ناوچە بێ لایەنەکان دانەناوە کە لەگەڵ ئیسلام لە جەنگدا نەبوون، بەڵام بە هەرحاڵ بە کافرخانە (دار الکفر)ی داناون.

بەش بە حاڵی ئیسلام خانەکە، هەمووی بۆ هەموو موسوڵمانێ بە نیشتمانی خۆی داناوەو سنوورو گومرگ و ئەم شتە نوێیانەی تێدا نەبوە کە پاش پەیدابوونی دەوڵەتی نوێی نیشتمانی پێکهاتوون. تەنانەت ئەگەر ئیسلام خانەکە چەند دەوڵەتیشی تێدا بووبێ، ئایینی ئیسلام بەش بە حاڵی مرۆی موسوڵمان ددانی بەو دەوڵەتە جیا جیایانەدا نەناوە کە جیهانی ئیسلام لە پێش موسوڵماناندا پارچە پارچە بکەن و، هەموو وڵاتەکانی ئەو دەوڵەتانەی بۆ هەموو موسوڵمانان بە وڵاتی خۆیان،یا بە ئیستیلاحی ئەمڕۆ بە نیشتمانی خۆیان، داناوە. لەگەڵ ئەوەیشدا مرۆی موسوڵمان هەرچەند توانیویە بە هەموو وڵاتانی ئیسلامدا بگەڕێ و لە هەر لایەک ئارەزووی بوو نیشتەجێ ببێ، ئەو پێوەندە (نیشتمانی)یەی تەنها بە ماواو نشینگەی خێڵەکەی خۆیەوە بووە ئەگەر خێڵەکی بووبێ و، بە شارەکەی یا بە ناوچەکەیەوە ئەگەر شاری یا لادێیی بووبێ و، کە جاروباریش لە ئەدەبیاتدا ناوی (نیشتمان) هێنراوە هەر ئەوەندە مەبەست بووە. دیارە ئێستا مەسەلەکە بەوجۆرە نەماوەو، ئەو واتایەی ئایینی ئیسلام بۆ (دارالإسلام)ی داناوە لای هیچ دەوڵەتێک لەوانەی هاووڵاتەکانی موسوڵمانن، تەنانەت لای ئەوانەیشیان کە خۆیان یەجگار بە ئیسلام دائەنێن، پەیڕەویی لێ ناکرێ.

کەواتە، واتای گەل و نیشتمان و نیشتمان پەروەری، وەک ئێمە لێی حاڵی ئەبین، شتێکی نوێ یەو سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی دەوڵەتی نوێ کە ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی سەرمایەداری و

ڕووخانی میرایەتی یە دەرەبەگی یەکان و پێکهاتنی سنووری نیشتمانی.

لەگەڵ ئەمەیشدا وەنەبێ بتوانرێ هەموو هاونیشتمانێکی هەر دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی نوێ بە ناسیۆنالیست دابنرێ، هەر لەبەر ئەوەی کۆمەڵەکەی لە قۆناغی ناسیۆنالیزمدا ئەژی، وەک نایشتوانرێ خەڵکی ولاتێ کە هێشتا دەرفەتی بوونی ئەوجۆرە دەوڵەتەیان بۆ نەڕەخسابێ بە نا ناسیۆنالیست بدرێنە قەڵەم. مەسەلەکە تا ڕادەیەکی دوور بەستەیە بە بارودۆخی پێگەیشتن و گەشەکردنی ئەم هەستەوە لەناو کۆمەڵداو، لەوانەیە کەسانی ناسیۆنالیست لە ولاتێکی پاشکەوتووی ژێر دەستەدا زۆر زۆرتر بن لە ژمارەیان لە ولاتێکی خاوەن دەوڵەتی سەرمایەداری تێدا گەشەکردووی پێشکەوتوودا، بە گوێرەی ئامادەییی خەڵکی ولاتی یەکەم، لە چاو خەڵکی ولاتی دووەمدا، بۆ قوربانی دان لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەیاندا. بۆیەو، بە هۆی ئەم ڕاستی یەوە، ناتوانین بڵێین تا کۆمەڵ پێ نەنێتە قۆناغی سەرمایەداری یەوەو هەستی نیشتمان پەروەری نەبێ بە دیاردەیەکی وا بەشی زۆری کۆمەڵ بگرێتەوە، چەکەرەی ناسیۆنالیزم و کەسانی ناسیۆنالیست لەو کۆمەڵەدا نابن. هەستی ناسیۆنالیستی سەدان ساڵە چەکەرەی لە دڵی کۆمەڵدا کردووەو، هەر ئەو پێوەندە دەروونی یە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی مەتریاڵی دامەزراوەی مرۆ بە خێڵەکەی و ماواو نشینگەو گەرمیان و کوێستان کردنی زستان و هاوینیەوەو بەو شوێنانەوە ئەبەستێتەوە ئەم هاتوچۆ ساڵانەیان پیادا ئەکا - هەر ئەوەیە گەشە ئەکاو سەرەنجام ئەبێ بە بنەمای ناسیۆنالیزم لە ولاتی ئەو مرۆیەدا کە پێوەندی یەکەی گەشە ئەکاو لە خێڵەکەیەوە ئەتەنێتەوە بۆ هەموو خێڵەکان و هاوزمان و هاوولاتەکانی تری و سەرەنجام گەل و نیشتمانی لا پێکدێن.

لە لایەکی تریشەوە، وەک پێشتریش بە کورتی ئیشارەتمان بۆ کرد، وەنەبێ شناسایی کردنی ناسیۆن و ناسیۆنالیست و ناسیۆنالیزم لای گشت ئەوانەی بەم بابەتەوە خەریک بوون هەر یەک شناسایی بێ و هەموو لەسەری هاودەنگ بن. شناسایی کردنی ئەم ئیستیلاحە سیاسی -

کۆمەڵایەتی یانە، وەک زۆر ئیستیلاحی سیاسی - کۆمەڵایەتیی تریش، بەگوێرەی جیاوازیی قوتابخانە سیاسی و بیری یەکان و بەڵکو لە چوارچێوەی خودی هەرکام لەو قوتابخانانەیشدا ئەگۆڕێ. لەبەر ئەوە ئێمە هیچ پێویستی یەک نابینین بۆ ئەوە کە خۆمان بە ناچاری بە هیچ کام لەو شناسایی یانەوە ببەستینەوە، چونکە هەرکامیان بگری کۆمەڵێ کەم و کورتی و ناتەواویی هەیەو کۆمەڵێ ڕەخنەی دێتەسەر. سەرەڕای ئەوە کە نایشبێ لامان وابێ پێویستە هەموو شتێ دەق بە سەنگو ترازووی زانستی سیاسیی ئوروپایی بکێشین، بەڵکو ئەبێ وردببینەوە بزانین کام لەو شناسایی یانە لەگەڵ ڕەوتی مێژوویی گەشەکردنی کوردایەتیی کوردان زۆرتر ئەگونجێ، تا لە بڕیاردانماندا سەبارەت بە خۆمان پشت بەوەیان ببەستین و بیکەین بە بنەمای بڕیاردانی چۆنیەتیی وەزعی خۆمان.

ئێمە ئەبینین کورد لەو ڕۆژەوە کە ناوی خۆی ناوە (کورد)و بە کورد خۆی ناساندووەو خۆی لە گەلانی دراوسێی بە جیا داناوە، چەکەرەی نەتەوەییی خۆی، با بە شێوەیەکی کاڵ و کرچیش بێ، دۆزیوەتەوەو، هەرچەند لەم مەیدانەدا بەرەوپێش چووبێ، ئەو چەکەرەیەی زیاتر سەری دەرهێناوەو گەشەی کردووە. وەک وتمان، قۆناغی یەکەمی دەرکەوتنی چەکەرەی نەتەوەیەتیی کورد ئەوە بووە ئەم کۆمەڵە خەڵکەی بە یەک زمان ئەدوێن، لەگەڵ ئەوەیشدا کە دیالێکتەکانی زمانەکەیان، وەک هیی هەر زمانێکی تر، لێک جیاواز بوون و ئێستایش هەر لێک جیاوازن، هەموو بە خۆیان وتووە (کورد). جا لێرەدا لەوانەیە بەشە کوردی ناوچەیێ لە بەشە

(١) ئا لەم بارەوە شتێ هەیە قووڵیی ڕیشەی هەست بە کەسایەتیی نەتەوەییی خۆو بە جیاوازی لە گەلانی تر کردنی کورد، بە زەقی، ئەخاتە پێش چاوی هەرکەسێ لێی وردبێتەوە. ئەوەیش ئەوەیە ئەم ناوچانەی ئێستا بە هەموویان ئەوترێ کوردستان و، لە سەردەمەکانی زوودا هەر یەکی میرایەتی یەک و زیاتری پێوەندی نەبووی مەگەر لەگەڵ میرایەتی یەکانی هاوسنووری، حوکمی کردووەو، هەر کۆمەڵێک لەو میرایەتی یانە بە دیالێکتێکی(*) زمانەکەیان دواون بە ئاسانی پێوەندی بە دیالێکتەکانی ترەوە دیاری و دەستنیشان ناکرێ و پێدووەکانیان تا پاش ماوەیەک تێکەڵی لەگەڵ یەک، لە یەکتر ناگەن، کەچی لەگەڵ ئەوەیش هەموو لەسەر ئەوە سوور بوون کە خۆیان بەکورد بزانن و ساڵەهای ساڵ لە ژێر ناوی کوردایەتیدا هەڵسووڕاون و خەباتیان بۆ کردووە، >

کوردی ناوچەیەکی تر زووتر بە خۆیان وتبێ کوردو، هیی ناوچەیەکی تر پاشتر.. ئەمە توێژینەوەی ئەوێ تا بۆمان دەرکەوێ [1]، بەلاّم ئەمە هیچ لەو ڕاستی یە ناگۆڕێ کە سەرەتای هەستی ناسیۆنالیستیی کورد لەو ڕۆژەوە دەست پێ ئەکا کە کۆمەلّە خەلّکێ هەستیان بە جیاوازیی خۆیان لە خەلّکی تر کردووەو بە خۆیان وتووە (کورد).

قۆناغی دووەمی دەرکەوتنی ئەم چەکەرەی نەتەوەیەتی یە ئەوەیە کە ئەم کۆمەلّە خەلّکە، وەک بە خۆیانیان وتووە (کورد)، بە ولاّتەکەیشیانیان وتووە (کوردستان)و، بەمە لەوە دەرچوون کە تەنها کۆمەلّە خەلّکێ بن یەک زمانیان هەبێ و، بوون بە خاوەنی خاکێکی سنوور دیاریش. دیارە لە نێوانی ئەم دوو قۆناغەیشدا کە هەموو بە زمانێ دواون، داب و نەریت و خووو ڕەوشت و پێکهاتنی دەروونیی یەکگرتوویشیان پێکهاتووەو، بەم سیانە سیان لە چوار مەرجەکەی نەتەوەیان، وەک لە سۆسیالیزمی زانستیدا دەسنیشان کراوە، تێدا هاتووەتە دی و، تەنها مەرجی چوارەم ماوە کە ئابووریی تێکەلّەو، ئەویش بەبێ دەولّەتی یەکگرتوو نابێ، بەلاّم بە شێوەیەکی ئاوەلەمەییی (جەنینی) بووە کە ئەوەتە بەشەکانی ئەم ولاّتە، با لە ژێر دەسەلاّتی میرایەتیی دەرەبەگیی جیا جیا یا دەولّەتی داگیرکەری بێگانەی جیا جیایشدا بووبن، نیمچە تێکەلاّوی یەکی ئابووری یان بە زنجیرە لە نێوان پارچەکانیاندا بووە وەک بلّێین (ئـ) لەگەلّ (ب)و(ب) لەگەلّ (جـ)و(جـ) لەگەلّ (د)و هەروەها بەم جۆرە لەسەرەوەو لە خوارەوەو لە ڕاستەوەو لە چەپەوە.

دەرکەوتنی چەکەرەی نەتەوەیەتی بە بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی لە

---

< لەکاتێکدا گەلانێکی وەک ڕووس و ئۆکراینی و ڕووسی سپی یا بۆسنەیی و سربیایی کە بە باشی پێکەوە ئەدون و لە یەکتری حالّی ئەبن، ئەم نزیکیی زمانەیان لەیەک نەک هەرنەبوە بەهۆی ئەوەی خۆیان بەیەک نەتەوە بزانن، بەلّکو نەیشبووە بە مایەی ئەوە ئەوەندە خۆ لەیەک بە نزیک دابنێن بتوانن بە ژیانێکی دۆستانەی بێگەرد لە پالّ یەکدا بە جیا بژین، مەگەر بە زۆری زۆرداری بەسەریاندا بڕابێ.

(*) ئێمە پێیان ئەلّێین دیالێکت، ئەگینا تەنانەت ئەوان خۆیشیان دیالێکتەکانی خۆیانیان بە (زمان) ناوبردووە.

وتنی شیعرو له نووسینی نامەو له دانانی کتێبدا دەرئەکەوێ که بەش به حاڵی کورد له پتر له ۱۲۰۰ ساڵ لەمەوبەرەوە بۆ وتنی شیعری نووسراوەو[٢] دیارە پێشتریش بۆ وتنی شیعری فۆلکلۆریی سەر زارەکی سەری هەڵداوە، وەک له شیعرە ئایینی یەکانی (ئەهلی حەق)دا بەرچاومان ئەکەوێ، بەڵام به هۆی موسوڵمان بوونی کوردان و به عەرەبی یەتیی کاروباری ئایینیی موسوڵمانان و نەخوازەڵا لای شافیعی مەزەبەکانیان که زۆرترینی کورد شافیعی مەزەبن[٣]، به عەرەبی نووسین و، به هۆی فەرمانڕەواییی دەوڵەتانی واوە له کوردستاندا که به فارسی نووسیویانە، به فارسی نووسین، تا درەنگانێ دەرفەتی به کوردی نووسین نەڕەخساوە. بۆیە سەرەتای نووسینی پەخشانی کوردی، ئەوەندەی تا ئێستا بۆ ئێمە دەرکەوتبێ، ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم[٤].

ئەم سەرهەڵدانی چەکەرەی نەتەوەیەتی یە، لەبەر گەلێ هۆی له ویستی

---

(٢) لەم بارەوە گەڕانەوە بۆ ئەدەبیاتی (ئەهلی حەق) له کوردستانی ئێران که لەم ساڵانەی دواییدا زۆری لێ له چاپ دراوەو هێشتایش زۆری ماوە، گەلێ نموونەمان ئەخاتە پێش چاو. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانەرە بەرهەمەکانی صدیقی صەفیزادەی بۆرەکەیی وەک: مشاهیر اهل حق، چاپی (شرکت افست)، تهران، ١٣٦٠ و بزرگان یارسان، چاپی (سازمان چاپ خوشە)، تهران، ١٣٦١ و نوشتەهای پراگندە دربارهٔ یارسان اهل حق، چاپی (خرمی)، تهران، ١٣٦١ و دورهٔ بهلول، چاپی (خوشە)، تهران، ١٣٦٣.

(٣) له مەزهەبی شافیعیدا نوێژ ئەبێ هەر به زمانی عەرەبی بێ، بەڵام ئەبووحەنیفە ئەڵێ: ئەگەر موسوڵمانێ نەیتوانی وشەکانی نوێژ به عەرەبی لەبەر بکا ئەتوانێ واتا تێکڕایی یەکانیان به زمانی خۆی بڵێ و نوێژەکەی بۆ حسێب ئەکرێ.

(٤) لەگەڵ ئەمەیشدا بەڵگەی وا بەدەستەوەیە وا بگەیەنێ له کوردستانی پێش ئیسلام و سەرەتای موسوڵمان بوونی کوردستاندا، ئەوەندەی ڕادەی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لەناو خەڵکدا ڕێگەی دابێ، نووسین به کوردی باوبووە، بەڵام پاشان بەهۆی زاڵبوونی کولتووری به کاکڵ ئیسلامی و به توێکڵ عەرەبی یەوە بەسەر ژیانی کولتووریی وڵاتەکەدا، ئەوەی بووە لەناوچووە.بڕوانەرە : گیو موکریانی، گیونامە ، هەولێر، چاپخانەی کوردستان، ١٩٦٠؛ هەروا بڕوانەرە : حەمەی مەلا کەریم ، « کوردیش، کاتی خۆی پیتی پێنووسینی خۆی هەبووە» ، له بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، گۆڤاری «ڕەنگین» ژمارە ١١٧ ، ل ٩ - ١١ ، بەغدا، تشرینی یەکەمی ١٩٩٨.

خەڵکی کوردستان بەدەر، تا پاش بڕانەوەی جەنگی دووهەمی جیهان وردە وردە گەشەی کردووەو نەبوە بە دیاردەیەکی وا زۆرتری خەڵکەکە بگرێتەوە، بەڵام لە مێژە بێ نیشانە نی یەو تا هاتوویشەتە پێشەوە زیاتر دەرکەوتووە. پێم دوور نی یە ئەگەر توێژینەوەیەکی وردەکارانە بکرێ دەرکەوێ کەوا پەیدابوونی ئایینی (ئەهلی حەق)و (ئێزیدی) دوان لەو نیشانانە بن، بەتایبەتی کە ئەدەبی ئایینیی ئەهلی حەق و کتێب و نوێژی ئێزیدی یان بە زمانی کوردین. پێشتریش کە شاعیرێکی عەرەب ئەبوو موسلیمی خوراسانی پاش کوشتنی لەلایەن ئەبوو جەعفەری مەنسووری عەبباسی یەوە بەوە لەکەدار ئەکا کە لە نەوەی (کوردە غەددارەکان)ەو، دەسخۆش لە مەنسوور ئەکا کەوا کوشتی، ڕەنگ بێ ئەو کوشتنەی نیشانەی ئەوە بێ کە ئەبوو موسلیم، وەک کوردێ، نیازی یاخی بوونی لە مەنسوور بووبێ. کە سەلاحەددینی ئەییووبییش لە تیکریتەوە چووەتە موسڵ و ئەنجا جزیرەو شام و میسرو لەم بەرەوپێش چوونەیدا لەشکری تایبەتیی لە کورد لە دەوری خۆی خڕ کردووەتەوەو، لە دیواخانە سەڵتەنەتی یەکەیدا هەموو قسەیەکی تایبەتی و نهێنی بە کوردی کراوەو، سەر لەشکرو قازی یەکانی زیاتر کورد بوون و، چەند خێڵە کوردی بۆ پاراستنی دام ودەزگای خۆی لە کوردستانەوە گواستووەتەوە بۆ شام و میسر، ئەوەیش جۆرێکی تری سەرەتاییی سەرهەڵدانی گیانی نەتەوەیی یە.

کە شاعیرێکی وەک خانای قوبادییش **٢٥٦** ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، واتە هەر لە سەردەمی خانیدا یا چەند ساڵێک پاش کۆچی دوایی خانی، چونکە دەق نازانین خانی کەی کۆچی دوایی کردووە، (شیرین و خوسرەو)ی نیزامیی گەنجەوی ئەکا بە کوردی بە دیالێکتی گۆرانی و، لە سەرەتاکەیدا ئەفەرموێ:

ڕاستەن مواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن
پەی چێش؟ نە دەوران ئەی دنیای بەدکێش
مەحظووظەن هەرکەس بە زوبان وێش

مــــــەعلوومـــــەن هەرکـــــەس بە هەر زوبانێ
بـواچۆ نـەظمێ جـــــە هەر مـــــەکـــــانێ
وێنەی عـــەرووســـــان زێبـــــای مـــوشک چین
بکەرۆش جـــە حـــوسن عـــیـــبــارەت شـــیـــرین
خـــاریج جـــە مـــەعنی نە بۆ مـــەضـــموونش
کـــریا بۆ چون شـــیـــعـــر (جـــامی) مـــەوزوونش
جـــەلای خـــێـــردمـــەند دڵ پەســـەند مـــبــۆ
شـــیـــرینتـــەر جـــە شـــەهد شـــیـــرەی قـــەند مـــبـــۆ
جـــە عـــەرصـــەی دنیـــای دوون بەد فـــەرجـــام
بە دەســـــتـــــوور نەظم (نـیظامی) تـەمـــــام
بە لەفظ کـــوردی، کـــوردســـــتـــان تـەمـــام
پێش بوان مـــەحظووظ، باقی (والســــلام)(٥)

ئەوە بێ سێو دوو وائەگەیەنێ لە ناسیۆنالیستیدا گەیشتووەتە ڕادەیەک زمانی گەلەکەی خۆیی لە زمانی گەلەکانی تر کە پێشتریش و پاشتریش لە ناو گەلەکەیدا بۆ پێ نووسین و پێ خوێندن باوبوون و بەکارهێنراون، پێ کەمتر نەبوەو بەڵکو پێ باشتر بووە. نموونەی تری قسەی وا لەوانەیە دەسگیر ببێ ئەگەر مرۆ بۆ دۆزینەوەی لە دووی سەرچاوە بەناو کون و کەلەبەراندا بگەڕێ، هەرچەند ئەگەر نەیشبێ زۆر مەبەست نی یە، مادەم لەو سەردەمەداو پێش ئەو سەردەمەو لەوە پاش و لە سایەی ئەو گەشەکردنی ئەدەب و زانست و هونەرەدا کە لە ڕۆژگاری میرایەتیی ئەردەڵانی یەکاندا سەری هەڵدابوو، هەڵمەتێکی بەسەنگو ترازووی ئەو ڕۆژە گەورە دەستی پێ کردبوو بۆ وەرگێڕانی چیرۆکە شیعری یە فارسی یەکان بە کوردی و هۆنینەوەی ئەفسانە میللی یەکان بە شیعری کوردی و دانان و نووسینەوەی شیعری دە بڕگەیی و لەسەر سەنگەکانی عەرووزی عەرەبی لە هەموو بابەتێک بە کوردی. ئەوانە گشت نیشانەی ئەو بایەخە

---

(٥) بڕوانەرە : شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی، حەمەی مەلا کەریم ساغی کردووەتەوەو فەرهەنگی بۆ ڕێکخستووەو پێشەکیی بۆ نووسیوە. بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥، لاپەڕە ١٤ - ١٥.

زۆرەن شاعیرانی کوردی ئەو سەردەمە بە زوبانی کوردی یان داوەو، ئەمەیش، دیارە، دیمەنێکی سەرهەڵدانی گیانی ناسیۆنالیزمی کوردی یە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

بەڵام پێگەیشتووترو پڕ گەشەترین نموونەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە مەیدانی بیرو ئەدەبداو بە درێژاییی مێژوو تا ئەگاتە سەردەمی حاجی قادری کۆیی هەر ئەحمەدی خانی یەو، ئەگەر پێشەکیی مەم وزینی خانی نیشانەی ناسیۆنالیستیی خانی نەبێ، وەک بڕاونێسن لای وایەو، نیشانەی ئەوە نەبێ گیانی ناسیۆنالیستی، با لە ناو توێژاڵێکی تەنکی کۆمەڵیشدا بێ، پەیدابووەو، بووە بە خەون و خولیای کۆمەڵێ ڕووناکبیر، ئەبێ چی لەوەو پاش ببێ بە نیشانەی ئەوە؟

بەڵێ، پێشەکیی مەم و زینی خانی بەڵگەیەکی زۆر پڕ بایەخە بۆ ئەوەی ئەحمەدی خانی نەک بە باوکە گەورەی ناسیۆنالیزمی کورد دابنرێ، وەک کاک بڕاونێسن ئەفەرموێ، بەڵکو بە ڕۆڵەی شەرعی و حەڵاڵزادەی ئەو دیاردەیە بژمێررێ کە دایکەکەی بریتی یە لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کورد کە لەو سەردەمەدا پێی ئەنایە قۆناغێکی گەلێ لە جاران پێشکەوتووتریەوە کە قۆناغی خۆ دۆزینەوەو خۆ ناسینەوەیە. ئەگەر ئەو پێشەکی یە بە هەموو هێزی خۆی پاساوی ئەوە نەدا خانی وەک یەکەمین ناسیۆنالیستی کورد ناوببرێ، زەحمەتە بتوانین ئەم کاڵایە بە باڵای پێشەنگێکی تری دووسەد ساڵ لەوە پاشی وەک حاجی قادری کۆییش ببڕین کە لە کورۆکی مەسەلەی ناسیۆنالیزمدا چەند پلە لە دوای خانی یە وەیە، ئەو کورۆکەی بڕاونێسن بێ ترس و لەرز لە خانیی دائەڕنێ.

مەسەلە تەنها «یەک دوو دێڕی بە نێوبانگی نێو مەم و زین» نی یە، وەک کاک بڕاونێسن ئەڵێ، بمانگەیەنێتە ئەو ئاکامە کەوا خانی بە ناسیۆنالیست ناو دێر بکەین و بڵێین بیری لە دەوڵەتێکی کوردی کردووەتەوە. مەسەلەکە زۆر زیاتری بەدەمەوەیەو، بابەتەکەیش، تێکڕا، بە کورۆک و ساق و توێکڵیەوە، ٩٧ بەیتی خشتی لە دوو باسی سەرەتای مەم وزیندا گرتووەتەوە. من زۆر لەوە سەرسامم ئەگەر کاک

براونێسن کە ناویم بە کوردی زانێکی باش بیستووە، سەرانسەری مەم وزین و بەتایبەتی ئەو ٩٧ بەیتە پڕ ماناو قووڵ داچووانەوەی پێشەکی یەکەیی خوێندبێتەوەو تەنها ئەو ٥ - ٦ بەیت و نیوەی لێ بە شایانی بەڵگە پێهێنانەوە زانیبێ بۆ باسەکەی و، ئەو بۆچوونە ناتەواوو نادروستەی خۆیی پێ هەڵکرێنرابێ لێ یان. پێشەکیی مەم و زین گەلێ گەلێ لەوە ڕوونترە کە مرۆیەکی خوێندەوار نەتوانێ بە ئاسانی تێ بگا ئەڵێ چی و گلەییی چی لە چەرخی ڕۆژگار ئەکاو چیی بۆ گەلە دیل و ژێردەستەکەی رۆم و عەجەمی ئەوێ؟

فەرموون لەگەڵ چەند بەیتێک لەم پێشەکی یە بزانین ئەڵێ چی و، ئاخۆ کاک براونێسن چاکی بۆ چووە لە تێگەیشتنی واتاکانیاندا.

خانی ئەفەرموێ:

ساقی! تۆ ژ بۆ خودێ کەرەم کە
یەک جورعەیێ مەی د جامێ جەم کە
دا جام ب مەی جیهان نوما بت
هەرچی مە ئیرادەیە خویا بت
دا کەشف ببت ل بەر مە ئەحوال
کانێ دبتن مویەسەر ئیقبال
ئیدبارا مە وێ گەها کەمالێ
ئایا بویە قابیلێ زەوالێ
یا هەر وەهە دێ ل ئیستیوا بت
حەتتا وەکو دەورێ مونتەها بت
قەت مومکینە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب
طالیع ببتن ژ بۆ مە کەوکەب
بەختێ مە ژ بۆ مەرا ببت یار
جارەک ببتن ژ خواب هوشیار (٦)

(٦) بڕوانەرە: ئەحمەدی خانی، مەم وزین، ئەستانبوول، چاپخانەی نەجمی ئیستیقبال، ١٣٣٥-١٣٣٧، لاپەڕە ١٣. بۆ نووسینەوەی تێکستی ئەو چەند شیعرەی مەم وزین کە لەم باسەدا کردوومن بە بەڵگە، کەڵکم لەم چاپانەی تری مەم وزینیش وەرگرتووە: انیستیتوی ملتید آسیا، احمد خانی، مم و زین، تیکستا کریتیک، >

خانی لەم چەند بەیتەدا ئەیەوێ پەردەی لە ڕووی دوارۆژ بۆ لابدرێ، جامێکی جەمی بۆ بێتە کایەوە هەموو ڕووداوەکانی لەوە پاشی بۆ تێدا دەرکەوێ و هەرچی ئێمە ئەمانەوێ تێدا ڕوون ببێتەوە. ئەیەوێ بزانێ کەی بەختی ئێمەی کورد یار ئەبێ؟ ئەڵێ هەرچی دەورەی خۆی تەواو کردو گەییە ئەوپەڕەکەی، ئەبێ ببڕێتەوەو دژەکەی دەرکەوێ. نەگبەتیی ئێمەی کوردیش گەیوەتە ئەوپەڕەکەی. سا ئاخۆ ئیتر دەمی بڕانەوەی ئەو کلۆڵی یە هاتووە، یان تا دنیا دنیایە هەروا ئەبین؟ بشێ ئەستێرەی بەختی ئێمەی کورد ڕۆژێ هەڵبێ، بەخت جارێ لە جاران یارمان بێ و لە، خەوی بێ ئاگایی بەخەبەر بێ؟

لەوانەیە بڕاونێسن لە ئاست ئەم چەند بەیتەی سەرەتای چوونە ناو مەتڵەبی خانیدا بفەرموێ: ئەم چەشنە قسانە قسەی ئایدیالین، لە کاتێکدا کە شناساییی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیست زانستەو بنەماو پایەی تایبەتیی خۆی هەیەو، قسەی ئایدیالی یانەیش لە بەرانبەری زانستدا پوولێ ناهێنێ و بەکەڵکی هیچ نایەت.. بەڵام ئەی لە ئاستی ئەم گشتە (مە = ئێمە)یەدا ئەبێ بفەرموێ چی ؟ خانی باس لە کام (ئێمە) ئەکا، لە کۆمەڵێ خەڵکی هەر هیچ نەبێ چەند سەد هەزاریی کورد، یا لە کێ ؟ بۆ چ کۆمەڵە خەڵکێ ئەڵێ کلۆڵی یان گەیشتووەتە ڕادەی ئەوپەڕی و پلەیەکی دیکەی نەماوە تێیپەڕێنێ و ئەبێ ئیتر وەزعیان بگوێزێتەوە بۆ بەری ئەوبەرو دژی ئەو کلۆڵی یەو، کاتی ئەوە هاتووە ئەستێرەی بەختیان لە خەوی بێ ئاگایی وشیار بێتەوەو هەڵبێ ؟ ئەگەر ئەم قسانە کە بە زمانی ئەم هەزاران کوردەوە ئەیانکا نیشانەی هەست کردن بە دەردی ئەو جەماوەرە فراوانەو هاوبەشی کردنی چارەی سیایان نەبن و، بە ئیستیلاحی ئێمە خۆمان کوردایەتی و نەتەوەیی یەتی و کوردپەروەری و، بە ئیستیلاحی زانستی نوێ و کاک بڕاونێسنیش ناسیۆنالیزم نەبن، ئەبێ چی بن ؟ ئاخۆ

---

< ترجما و پیشخبر م.ب. رودنکو، مسکوا، ١٩٦٢؛ ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێزنووسینی هەژار، چاپی ئیتالیا، ١٩٨٩؛ ئەحمەدی خانی، مەم و زین، شرۆڤەکردن و ڤەکۆلینا ئەمینێ ئۆسمان، بەغدا، ١٩٩٠؛ مەم و زین، ئەحمەدی خانی، ڤەژاندنا پەرویز جیهانی، بلاوکراوەی ئینتیشاراتی سەلاحەددین، ١٣٦٧.

ڕەوای هەقە براونێسن حسێبێکیان بۆ نەکاو بە نیشانەیەکی - با سادەو سەرەتاییش بێ - ناسیۆنالیزمیان نەداتە قەڵەم هەر لەبەرئەوەی کە بەر شناسایی فلانە تیووریستی ئورووپایی ناکەون ؟

ڕابت ژ مـــە ژی جـــیـــهـــان پەناهەک
پەیدا ببتن مـــــە پادشـــــاهەک
شـــیـــرێ هونەرا مـــە بیـــتـــە ژانین (٧)
قـــەدرێ قـــەلەمـــا مـــە بیـــتـــە زانین
دەردێ مـــــە ببـــــینتن عـــــیـــــلاجێ
عـــیلمێ مـــــە ببـــــینتن ڕەواجێ (٨)

خانی، واتای هەڵهاتنی ئەستێرەی ئێمەی کورد بەوە لێک ئەداتەوە کە پادشایەکی جیهان پەنا بۆ ئێمەیش، وەک میللەتانی تر، هەڵبکەوێ و، ئێمەیش پادشایەکمان ببێ وەک ئەم گشتە گەلانەی دنیا پادشای خۆیانیان هەیە، تا لە سایەی ئەو پادشایەو دەوڵەتی ئەو پادشایەو بەڕێوەبەرێتیی سیاسیی ئەو پادشایەدا شیری هونەری ئێمەیش بێتە ڕاوەشاندن و، قەدری قەڵەمی لەبەر بێ پادشایی و بێ دەوڵەتی - کەس نەزانیومان بزانرێ و، لە ڕێگای ئەو چارەیەوە کە دەوڵەت بۆ دەردی گەلی ئەکا دەردەکانی گەلی ئێمەیش چاربکرێن و، زانستی لەبەر بێ کەسی و بێ چاودێری کەربی ئێمەیش - بێ ڕەواج و برەو، قەدرو قیمەتێ لە ناو زانستی گەلانی تردا پەیدا بکا.

جا ئەگەر خانی، وەک براونێسن ئەڵێ، بیری لە دەوڵەتێکی کوردی نەکردووەتەوە، پادشای بۆچی و بۆ کێ یەو، پادشای بێ دەوڵەت چەند ئەهێنێ و سوودی چی یە ؟ خانی ئەزانێ ئێمەی کورد خاوەنی شیری هونەرین ئەگەر کەسێ هەبێ ڕایوەشێنێ و، قەڵەمی بە بڕشتمان هەیە ئەگەر

---

(٧) ئەم وشەی (ژانین)ە لە هەموو چاپەکانی بەردەستماندا بە (دانین) نووسراوە. بەڵام لە دەستنووسی ژمارە ٢١٣٤٥ی (دارمخطوطات صدام)ی بەغدادا (ژانین)ە. من ئەمەم پێ ڕاست بوو و لایشم وایە بە واتای (ڕاوەشاندن)ە کە بۆ شیر بەکاردێ.

(٨) بڕوانەرە: ئەحمەدی خانی، سەرچاوەی پێشوو.

پشت و پەنایەکی هەبێ ڕەواجێکی بداتێ خەڵک پێی بزانن و لێی وەناگابێن.

خانی پادشای بۆ چارکردنی ئەو گیروگرفتانە ئەوێ .. ئەزانێ ئەگەر پادشاو دەوڵەتمان بوو هونەرمان دەرئەکەوێ، نووسراومان بڵاو ئەبێتەوە، دەردمان تیمار ئەکرێ و زانستمان لە ناو خۆمان و لە ناو گەلاندا برەوی ئەبێ. پادشای بۆ ئەم مەبەستانەیەو پادشایش پادشای دەوڵەتە. ئیتر نازانم کاک براونیسن چۆن ڕێگا بە خۆی ئەدا بفەرموێ خانی بیری لە دەوڵەتێکی کوردی نەکردووەتەوە ؟ خانی بەقووڵی بیری لە دەوڵەتێ بۆ گەلەکەی کردووەتەوەو، زۆر باشیش ئەرکی سەرشانی ئەو دەوڵەتەی زانیوەو، زۆرچاک لەوە گەیشتووە کە بوونی دەوڵەت بۆ گەل چ سوودێکی ئەگەیەنێتێ و، ئەم بەیتانەیشی شایەتێکی ئەم بابەتەن کەس ناتوانێ بە درۆیدا بخاتەوە.

خانی لە باسکردنی ئەو دەسکەوتانەدا بە بوونی پادشا دەستی گەلەکەی ئەکەون، بەو ئەندازەیشەوە ناوەستێ کە وتی. لە سەری ئەڕواو، ئەفەرموێ:

گەر دی هەبویا مە سەرفەرازەک
ساحێب کەرەمەک، سوخەن نەوازەک
نەقدێ مە دبوو بە سککە مەسکووک
نەدما وەهە بێ ڕەواج و مەشکووک
هەرچەندکو خالص و تەمیزن
نەقدێن ب سککەیێ عەزیزن [٩]

واتە: ئەگەر ئێمە کەسێکی سەربەرزمان هەبوا، دەست و دڵ کراوەو قسەزان و لەگەڵ خەڵکدا بە لوتف، نەختینەی ئێمەیش هەروا بە سادەیی نەئەمایەوەو نەخش و مۆری ئەو پادشا گەورەو سەرفرازەی لێ ئەدراو وەک ئێستا نەئەبوو هیچ نەکاو خەڵک گومانی لەوەدا ببێ کە زێڕو زیوی پاک و بێگەردە چونکە مۆری دەوڵەتێکی خۆماڵی یان پێوە نی یە. بەڵێ،

[٩] بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

نەختــــینەی ئێـمـــە لە خــودی خــۆیدا پاک و بێگەردە، بەڵام زێڕو زیـو قیمەتەکەیان لەوەدایە نیشانەی دەوڵەتیان پێوەبێ.

مـەبەسـتی خـانی لەم بەیـتـانەی ئەوەیە بێ بوونـی دەوڵەت هیچ نابێ بە هیـچ. زێڕو زیوی خـاوێن و بێـگەردمـان هەن، بەڵام لەبەرئەوەی نەبوون بە دراوو مۆری دەوڵەتیان پێوە نی یە، خەڵک مامەڵەیان پێ ناکەن و گومانی قەڵبی یان لێ ئەکەن.

ئەیشـتوانرێ بووترێ مەبەستی خانی لە نەختینە تەنها زێڕو زیو نی یەو هەموو شتێکی بەهاداری مایەیی و مەعنایی ئەگرێتەوە. لەم حاڵەدا واتای بەیتەکان وای لێ دێتەوە تا دەوڵەتمان نەبێ هەر ڕەنج بەخەسار ئەبین و هیچ شـتـێکی بەهادارمـان بە بەهادار دانانرێ و، زانست و هونەرو بەهرەو لێهاتوویی و کارامەیی و دەس ڕەنگینیمان گشتی بە فیڕۆ ئەڕوا.

ئیـتر لەمە زیاتر چیمان لە خانی بوێ بۆی بکەین بە بەڵگە کە کوردێکی ناسیـۆنالیست بووەو دەوڵەتێکی تایبەت بە گەلەکەی خۆیی ویـستووە؟ بەڵام ئەو لەمـە زیاتریش ئەڵێ کـە هەرکـەسـێکی بە ئینسـاف و لە شت گەیشـتوو لێ یەوە بگاتە ئەو ئەنجامە کەوا خانا یەکەمین هەڵگری ئاڵای ناسیـۆنالیزمی کوردی یە بە واتا تەواوەکەی ئیسـتیلاحی ناسیۆنالیزم و، هاواری بۆ ئەوە بووە کـوردیش وەک هەر گـەلێکی خـاوەن تەخت و تاج، پادشای سەرتەخت و تاج لەسەری خۆی هەبێ. فەرموون بزانن ئەڵێ چی:

گـــــەر دێ هـەبـویـا مـــــە پـادشـــــاهـەک
لائـیـق بـدیـیـــــا خـــــودێ کـــــولاهـەک
تـەعـــــیـین بـبـــــویـا ژ بـۆ وی تـەخـــــتـــــەک
زاهیـــــر ڤـــــە دبوو ژ بـۆ مـــــە بـەخـــــتـــــەک
حـــــاسڵ بـبـــــویـا ژ بـۆ وی تـاجـــــەک
ئـەلـبـــــەتـتـــــە دبوو مـــــە ژی ڕەواجـــــەک (١٠)

خـانی لەم چەند بەیتـەدا بە هەمـوو بەرچاو ڕوونی یەکـەوە ئەڵێ: ئەگـەر ئێمـەی کـورد پادشایەکـمان هەبوایە، واتە دەوڵەتێکمـان هەبوایە پادشای

(١٠) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

سەربەخۆی خۆیی هەبوایەو پادشاکەیش پادشایەکی وا بوایە خوا تاجێکی پێ ڕەوا بینیبوایەو تەختێکی بۆ دیاری کردبوایە وەک پادشایانی وڵاتان، ئێمەیش ئێستا وا کڵۆڵ و چارە ڕەش نەئەبووین و بەخت و بەختەوەری یەکمان بۆ دەرئەکەوت .. ئەگەر پادشایەکمان هەبوایە خوا تاجێکی بۆ پەیدا کردبوایەو لەسەری نابوایە، ئێمەیش وا بێ سەروبەر نەئەبووین و ڕەواج و برەوێکمان لەناو گەلانی دەوروبەردا ئەبوو.

نازانم ئیتر چی لەمە زیاتر پێویستە بۆ ئیسپات کردنی ناسیۆنالیستیی خانی و داواکردنی پادشاو دەوڵەت و تاج و تەختێ بۆ گەلە سیا چارەکەی؟ تا ئێستا کاک براونێسن ئەوەی بۆ خانی بە زۆر ئەزانی ئەوەندە پێش سەردەمی خۆی کەوتبێ مرۆیەکی بە واتای سیاسیی وشە ناسیۆنالیست بێ و داوای دەوڵەت و پادشاو تاج و تەختێ بۆ گەلەکەی بکا؟ ئەی ئەفەرموێ چی ئەگەر پێش شۆڕشی فەرەنسە بە ٩٤ ساڵ و بەر، لە دایک بوونی کارل مارکس بە ١٢٣ ساڵ مەم و زینی دانابێ و لە سەرەتای ئەم مەم و زینەیدا ئەرکی سەرشانی ئەو پادشایەی بۆ گەلی کوردی ئەوێ بەم جۆرە دەسنیشان کردبێ کە ئەڵێ:

غەمخواریی دکر ل مە یەتیمان
تێنانە دەرێ ل دەست لەئیمان (١١)

واتە: ئەگەر ئێمەی کورد پادشایەکمان هەبوایە، خەمی منداڵە هەتیوو بێ کەسەکانی گەلەکەمانی ئەخواردو لە دەست کەسانی ڕژدو نامەردی دەرباز ئەکردن کە ڕۆژانە ئەیانچەوسێننەوەو خوێنیان ئەمژن و ماڵی میراتیی باوک و دایکیان ئەخۆن و هیچ خزمەتێکیان ناکەن و هیچ یارمەتی یەکیان نادەن. بێ گومان خانی کە تەنها ناوی (یەتیمان) لەم بەیتەدا دێنێ، مەبەستی هەموو توێژاڵێکی ستەمدیدەو بێ دەستەڵاتی کۆمەڵەو، ئەرکی داکۆکی لە مافی هەموو ئەوانە بە ئەرکی پادشاو حوکوومەتی کوردو کوردستان ئەزانێ و، ئەو نەهاتووە لێرەدا دەستووری دەوڵەتی کوردستان بنووسێ و تەنها بە چەند سەرە مقەستێک

---

(١١) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

ئیشارەت بۆ ئەرکە سەرەکی یەکانی حوکوومەتی کوردان ئەکات ..

جادیسانەوە بائەداتەوە بۆ سەر مەسەلەی دەوڵەت لەو ڕووەوە کە ئەرکی پاراستنی میللەت و وڵاتی لەسەر شانەو باری ژیانی سەختی گەلی کورد لە ژێر دەزگاو چەکوش و بەرداشی ستەمی ڕۆم و عەجەمدا دێنێتە بەرچاوو ئەڵێ ئەگەر کورد دەوڵەت و پادشای تایبەتیی خۆیانیان بوایە،

غالب نەدبوو لە سەر مە ئەڤ ڕووم
نەدبوونە خەرابەیێ د دەست بووم
مەحکوومی عەلییەوو سەعالیک
مەغلووب و موتیعی تورک و تاجیک (١٢)

ئەو تورکانە بەسەرماندا زاڵ نەئەبوون و کوردستان نەئەبوە کەلاوەیەک لە ژێر دەستی بایەقوشدا تێیدا بقرێنێ بە نیشانەی وێرانی و چۆڵی لەبەرئەوەی کە خەڵکەکەی لە سایەی جەورو ستەمی تورکاندا قڕیان کردبێ و ئەوانەیشیان مابن لەبەر ناچاری هەڵاتبن و بە جێیان هێشتبێ و، هەموو گەورەو بچووکێ حوکمی بە سەردا نەئەکردین و نەئەبووینە ژێردەستەی تورک و تاجیکی لەوپەڕی ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتوو.

باشە، ئەگەر خانی دەوڵەتی کوردو پادشای کوردی نلوێ و کوردێکی پڕ بە پێستی وشە ناسیۆنالیست نی یە، ئەوێکی شناسنامەی نەتەوەییی لە باخەڵدا نەبوو، جیاوازیی چی بوو بۆی ئەگەر حوکمڕانەکەی ڕۆم بێ یا عەجەم بێ یا کورد بێ یا هەرچی و، چیی لێ ئەگۆڕا ئەگەر ژێردەستەی تورک و تاجیک بوایە یا هیی هەر میللەتێکی تر یا میللەتەکەی خۆی؟

دیارە خانی ئەیەوێ کورد ئازادو سەربەخۆ بێ و ژێردەستەی هیچ دەوڵەتێکی بێگانە لە میللەتەکەی خۆی نەبێ ڕۆم بێ یا عەجەم بێ یا هەرچی و، لە ژێر فەرمانڕەواییی هیچ حوکمڕانێکی نا کورددا نەبێ.

بەم پێ یە لەسەر ئەم باسە ئەڕواو، بە هۆی پەی نەبردنیەوە بەو قانوونانەی بەرەوپێش چوونی مێژوو و گەشەکردنی گەلان بەڕێوە ئەبەن و، وەک هەر خاوەن باوەڕێ بە هێزە نادیارەکان، ڕازی ئەو بارە گرانەی

(١٢) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

سەرشانی گەلەکەی ئەگێڕێتەوە بۆ خواستی خوداوەندو، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوەندە هوشیارە شوێن کەوتنی ئەو حوکمڕانە بێگانەو داگیرکەرانەی کوردستان بە نەنگ و شوورەیی بزانێ، بەڵام ئەڵێ نەنگ و شوورەیی یەکەی بۆ کەسانی بە ناووبانگ و خاوەن دەسەڵاتە، واتە بۆ فەرمانداران میرایەتی یەکانە کە چەکداریان هەن و ئەتوانن خەڵک خڕکەنەوە بۆ بەربەرەکانێ کردنی داگیرکەرانی ڕۆم و عەجەم و، تاوانی گەلی هەژارو ڕۆشنبیرانی گەل نی یە کە شاعیرەکانی وەک خانین و هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیان بەدەست نی یە:

ئەمما ژ ئەزەل خودێ وەسا کر
ئەڤ رووم و عەجەم ل سەر مە ڕاکر
تەبعیەتێ وان ئەگەرچی عارە
ئەو عارە ل خەلقێ نامدارە
ناموسە ل حاکم و ئەمیران
تاوان چی یە شاعیرو فەقیران (١٣)

جا ئەگەر کەسێ لێرەدا ورد ببێتەوە کە مەلایەکی باڵادەستی سۆفی مەشرەبی قووڵ - باوەڕ بە خواو بە ڕەوایی خواستی خوا، ڕەپوڕاست پاش ئەو بەیتەی دەست گرتنی ڕۆم و عەجەمی بەسەر کوردو کوردستاندا بە خواستی خوداوەند دانا تێدا، لە کاتێکدا کە مرۆ چاوەڕوانی ئەوەیە بڵێ خواستی خوداوەند گەڕانەوەی بۆ نی یەو مرۆ ئەبێ هەمیشە ملکەچی بێ و پێی قایل بێ، بێ پێچوپەنا بە نەنگ و شوورەیی دائەنێ و حوکمڕانان و میرانی میرایەتی یەکانی کوردستان بەوە بەدناو ئەکا کە سەریان بۆ ئەو داگیرکەرە بێگانانە نەواندووەو شوێن خواستی ئەوان کەوتوون. بەلای منەوە ئەمە نموونەیەکی بەرزو باڵای بیری عەقڵانی و چەرخی ڕاپەڕینە کە بە پێچەوانەی بیری سەدە تاریکەکانی ناوەڕاستەوە ئەیەوێ خەڵک ئەڵقە لە گوێی ئەو ئەفسانەیە نەبن کە گومڕاکەرانی جەماوەر لە هەرلایێ ناویان لێ نابوو (قەدەر)و بەناوی قەدەری خوایی یەوە ئەیانویست ئەو جەماوەرە

---

(١٣) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

هەردەم وەک گەلەمەڕی ژێردەستی قەساب فەرمانبەرداری حوکمڕانانی بێگانەو دیلی ئارەزووەکانی داگیرکەری ستەمکار بن.

ئەنجا خانی چەند بەیتێ لە باسی بە هیممەتیی مرۆو کار بۆ ئاسانیی خاوەن هیممەتان و دنیا بۆ ڕامی یان و ڕێگای ئەمەدا ئەڵێ و، سەرلەنوێ ئەگەڕێتەوە بۆ دەردەدڵ هەڵڕشتن لە بارودۆخی سیاسیی کوردو بەراوردکردنیان لەگەڵ گەلانی دەوروپشت و، ئەڵێ من سەرم لە کاری خوا سووڕ ماوە کە ئەبینم کورد لە ئازایەتی و دەس بڵاوی و دڵ فراوانی و نان بدەییدا هیچیان لەو گەلانە کەمتر نی یەو بە شیری ناووبانگ دنیایان داگیر کردووەو وڵاتی هیممەت بەرزی یان خستووەتە ژێر دەستی خۆیان و هەر پیاوێکیان بگری لە بەخشندەییدا حاتەمێکی تایی و لە قارەمانەتیدا ڕۆستەمێکی زاڵەو، لە عەرەبستانەوە بیگرە تا ئەگاتە گورجستان لەناو گەلانی ئەو وڵاتانەدا هەر کوردە پشت و پەنای هەموو داماوێکەو یارمەتیدەری هەر گەلێکە کارێکی پێی ببێ، کەچی لەناو هەموویشیاندا هەر ئەمان وا دیل و زەلیل و ژێردەستەن:

ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا
کورمانج د دەولەتا دنێدا
ئایا ب چ وەجهێ مانە مەحرووم
بیلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم
وان گرت بە شیرێ شەهرێ شوهرەت
تەسخیر کرن بیلادێ هیممەت
هەر مێرەکێ وان ب بەذلێ حاتەم
هەر مێرەکێ وان ب ڕەزمێ ڕۆستەم
بفکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان
کورمانج چ بوویە شوبهێ بورجان (١٤)

جادەست ئەنێتە سەر زامە بەسوێکەی کورد کە تا ئەمڕۆیش بەدەم ئازاریەوە ئەناڵێنێ و ئەڵێ کوردان بوون بە شوورەو دیوار بۆ ڕۆم و عەجەم و ڕێیان لە

(١٤) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

هەردوولا گرتووە لایەکیان بتوانێ ئازاری ئەو لاکەیان بداو، خۆیان کەوتوونەتە ئەم لاو ئەولای هەر کامیانەوەو بوون بە کلیلی دەرگای سەر سنوورەکانی ئەو دوو لایەنە دژ بەیەکەو هەر خێلێکیان بووە بە شوورەیەکی نەسمراوی پتەو. بەم هۆیەوە هەردوولا، ڕۆم و عەجەم، کوردیان کردووە بە نیشانەی تیری قەزا. جا هەرکاتێ لێشاوی دەریای ڕۆم و عەجەم بێنە سەریەک، کورد لە نێوانیاندا شەلاڵی خوێن ئەبن و لە خوێنی خۆیاندا ئەگەوزێن، چونکە هەرلایەکیان بی یەوێ لەولاکەیان بدا لە پێشدا لە کوردەکەی بەردەمی ئەدا:

ئەڤ ڕووم و عەجەم ب وان حەسارن
کورمانج هەمی ل چار کەنارن
هەردوو تەرەفان قەبیلێ کورمانج
بۆ تیرێ قەزا کرینە ئارمانج
گۆیا کول سەرحەدان کلیدن
هەر تائیفە سەددەکن، سەدیدن
ئەڤ قولزومێ ڕووم و بەحرێ تاجیک
هندێ کو بکن خورووج و تەحریک
کورمانج دبن ب خوون مولەططەخ
وان ژێکڤە دکن میسالێ بەرزەخ (١٥)

ئیتر پاش گەڕانەوەیەکی سەرلەنوێ بۆ باسی جوامێری و هیممەت و بەخشندەیی و غیرەت و ئازایی کورد کە کورد پەروەری یەکەی ئەیگەیەنێتە ڕادەی زیادەڕەوی تیایداو ئەڵێ ئەم سیفەتانە بەو ڕادەیەی لە کورددا هەن لە هیچ گەلێکی تردا نین، دێتە سەر لێکدانەوەی هۆی ناکۆکیی دێرینەی نێوان کوردان خۆیان و ئەڵێ:

هندی ژ شەجاعەتێ غەیوورن
ئەو چەند ژ مینەتێ نوفوورن

---

(١٥) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

ئەڤ غـیــرەت و ئەڤ عــولووێ هیــمــمــەت
بوو مـــانیـــعێ حـــەملێ بـاریٚ مـــیننەت
لەو پیٚکڤـــە هەمـــیـــشــــە بیٚ تـفـــاقن
دائیم ب تـەمــــەرِ رودو شــــیــــقـــاقن (١٦)

واتە: چەند ئازاو بە غیرەتن ئەوەندەیش سڵ لەوە ئەکەنەوە کە بچنە ژێر باری منەتی کـەس و، ئەو غـیـرەت و هیـمـمـەت بەرزی یەیان ناهێـڵێ چاولەژێری منەتی کـەس بن و لە ئەستۆی گـرن. بۆیە هەرکـامیـان بگری ئامادە نی یە لەگەڵ یەکێکی دی یان ڕێک بکەوێ و، هەمیشە لە نێوانی خۆیاندا ناکۆکن و وائەزانن ئەگەر یەکیان گرت و یەکیان بە قسەی ئەویانی کرد ئەوە ملی بۆ خەواندووەو بووە بە منەتباری. ئەمەیە لێکدانەوەی خانی بۆ هۆی یەک نەگرتنی کـوردان و بەتایبەتی ئەوانەیان شتیـان بەدەستەو یەکگرتنیان بە قازانجی گەلەکەیان ئەگەڕێتەوە.

جا، ئەم بەشەی سەرەتای مەم و زین بەوە دوایی دێنێ کە ئەڵێ:

گـــەر دی هەبویا مـــە ئیـــتـــتـــیــفـــاقـــەک
ڤـــــیٚکرا بـکـرا مــــــە ئینقـــــیــــــادەک
ڕووم و عـــــەرەب و عــــــەجـــــەم تەمـــــامی
هەمـــــیــــــان ژ مــــــەرا دکـــــر غــــولامی

---

(١٦) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

(١٧) بڕاونێسن لە لێکدانەوەی ئەم بەیتـەدا نووسـیـویە: «لە ئایین و سیـاسـەتدا بە دەرەجەی کەماڵ دەگەیشتین »و، لەسەر ئەم ڕستـەیەیش پەراوێزی ژمارە (٨)ی داناوە کە تیایدا ئەڵێ: «زاراوەی دین و دەوڵەت مەبەست ئایین و دەوڵەتێکی تایبەتی نییە، بەڵکو موورادیفی یەکترین وەکو زاراوەی هاوشوباری دین و دنیا، کاروباری ڕۆحانی و دونیایی».بەر لە هەرچی لام وا نی یە «تەکمیل د کر مە دین و دەوڵەت» بە واتای « لە ئایین و سیاسەتدا بە دەرەجەی کەماڵ دەگەیشتین» بێ، یەکەم چونکە (سیاسەت) بە واتای (دەوڵەت) نی یە. سیاسەت و دەوڵەت هەرچەند لە گەلێ شتدا یەک ئەگرنەوە، لە گەلێ شتیشدا جیان لە یەک و، مەبەستی خانییش لە دەوڵەت هەر ئەوەیە ئێمە ئەمڕۆ لەم وشەوە تێی ئەگەین. (تەکمیل)یش بە واتای (بە دەرەجەی کەماڵ گەیشتن) نی یە، هەرچەند ڕیشـــــەی هەردوو وشـــەکــــە یەکــــە. بە دەرەجـــەی >

تەکـــــمـــــیل دکـــر مـــــە دین و دەولەت (١٧)
تەحـــســـیل دکـــر مـــە عـــیلم و حـــیکمـــەت
تەمـــــیـــــیــــز دبوون ژ هەڤ مـــــەقـــالات
مـــومـــتـــاز دبوون خـــودان کـــەمـــالات (١٨)

مەبەستی خانی ئەوەیە ئەگەر وا نەبوایەو وا خراپ لە واتای ئازایەتی و منەتباری نەگەیشتباین و لەناو خۆماندا یەککەوتن و ڕێککەوتنمان بوایەو هەر کـامان بگری ئامـادە بوایە مل بۆ یەکـێکی ترمـان کـەچ بکا، هەمـوو گـەلانی دەوروبەرمـان چاو لەبەرمـان ئەبـوون و نۆکـەری یان ئەکـردین – کـە منیش ئەڵێم ئێـمـە هەر ئەوەندەمـان لێـیـان ئەوێ خـۆیانمان بەسـەردا نەسەپێنن و وەک برا مـامـەڵەمـان لەگەڵ بـکەن و، ئێمە چاوەڕێی ئەوە نین کەس ببێ بە خـولام و خزمـەتکارمـان –، ئەگـەر ئەم یەکگرتنەمـان بوایە، وەک دینەکەمـان تەواوە، دەولەتیشمـان ئەبوو و بەجارێ ئەبووین بە خاوەنی دین و دەولەت و کـە بوویشین بە خاوەنی ئەم دوانە دەرگـای خـوێندەواریمان بۆ گەلەکەمـان ئەخـسـتە سەرپشت و بە مـامـەڵەی زیرەکـانەو وشـیـارانەمـان لەگەڵ گەلان و دەولەتانی دەوروبەرمان فێری حیکمەت و لە کاروباری دنیا گـــەیشـتن ئەبووین و قـــســـەی چاک و خـــراپمـــان لێک ئەکـــردەوەو، پێگەیشتووەکانمان کەسانێکی هەڵاوێردە ئەبوون.

---

< کەماڵ گەیشتن گەلێ لە تەکمیل زیاتر ئەگرێتەوە. خانی ئەوەندەی ئەوێ بڵێ ئێمە ئێسـتـا دینمـان هەیە. ئەگەر لە ناو خـۆمـاندا یەک بووینایەو ملمـان بۆ گـەورەیەکی لە خۆمان کـەچ بکردایە، دەولەتیشـمـان و ئەبوو و بەوە دنیـاو قـیـامەتمان بۆ خـۆمـان دابین ئەکرد. لەم دوانەیش مەبەستتر ئەوەیە دین بۆ دەولەت موورادیفی یەک نین. موورادیف یا مـوتەرادیف بە شـتـێک ئەڵێن یەک واتاو لە ناوێ زیاتری ببێ. دین و دەولەت دوو مەعنای لە یەک جیاوازیان هەیە. تێکڕا دین پێوەندی بە کاروباری نێوان خواو بەندەوە هەیەو دنیـا بە کـاروباری نێـوان خـەڵک خـۆیانەوە، هەرچەنـد دین گـەلێ جـار لە زۆر ڕووەوە دەست بۆ کاروباری نێوان خەڵک خۆیشیان درێژ ئەکا وەک لە ئایینی ئیسـلامدا بەزەقی دەرئەکەوێ. وشـەی (مـوورادیف) لە زمـانـی عـەرەبیـدا لەوەوە هاتووە یەکێ لە پاشکۆی یەکـێکەوە سـواری وڵاخێ ببێ، واتە دوو وشـە یازیاتر سـواری کـۆڵی یەک مەعنا بوون.

(١٨) بڕوانەرە: ئەحمەدی خانی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٥.

ئەمــە بەشــی یەکـەم بــوو لـەو سـەرەتایەی مـەم و زین کـە بە هەمــوو ڕوونی یەک ڕادەی ناسیۆنالیستیی خانیمان پێشان ئەداو بۆمان دەرئەخا کە چۆن عەودالّی دوای بوونی دەوڵەتێکی کورد بووە. ئەمە تەنها بەشێکی ئەو بەیتانەی بوو ئەم بیروبۆچوونەی دەرئەبڕن و هێشتا ماویشـیەتی لێی بدوێین. کەچی کاک بڕاونێسن ئەفەرموێ: «پێیشم وایە ئێمە ناتوانین بە پشت بەستن بە یەک دوو دێڕی بەنێـوبانگی نێـو مـەم و زین بگەینە ئەو ئاکـامــە [ئاکامی ناسیـۆنالیستیی خـانی -م]وبڵـێین خـانی بیـری لە دەوڵەتێکی کوردی کردووەتەوە».

ڕاستــە لەم بەشە ٤٦ بەیتی یەدا کە ئێمە تەنها تێکستی ٣٩ بەیتیمان لێـرەدا گێـڕاوەتەوە بەشـی زۆریـان بەڵـگـەی تەنها ناسیۆنالیستی یەتی یەکەیتی و ئەوانی کەیشیان داوای دەوڵەتی کوردی تێیاندا کردووە، بەڵام ئەگەر ئەوەمان لە یادنەچێ کە ناسیـۆنالیـزم و داوای دەوڵەتی نەتەوەیی کردن دوو شتن لێک جوێ نابنەوە چونکە ئەگەر مرۆ ناسیـۆنالیست نەبێ دەوڵەتی نەتەوەییی ناوێ و، ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەییی ویست ئەوە دیارە بۆیە ئەیەوێ چونکە لای کـەمـەکـەی ناسـیـۆنالیـسـتـەو، هەروا ئەگـەر زانییـشـمـان لەم ٤٦ بەیتـە لای کـەمی لە ١٥ بەیتـدا بابەتی لێدوان بە ئاشکرا دەوڵەتی نەتەوەیی یە بۆ (مـە)ی کـورد، تێئەگەین بۆچوونەکەی کـــاک بڕاونێـــسن زۆر لە ئینـســاف و گــیـــانی زانست پەروەری دوورکەوتووەتەوەو، ئەگەر مەبەستی بێ وەک خۆی بە دۆست و دڵسۆزی کـورد دائەنێ و منیش لام وایە، ڕووی ڕاسـتـەقـینەی کـولتـووری کـورد دەرخاو، ئەگەر بە ڕاستی بێ ئەوەی لە توێژینەوەکانیدا پاڵی پێـوە ئەنێ تەنها گیانی زانست پەروەری بێ و، منیش هەر لام وایە، ئەبێ بە ئاشکرا ددان بە هەڵەییی بۆچوونەکەیدا بنێ و، خانی و بیری خانی و مەم و زینی خانی لە شوێنی شایانی خۆیاندا دابنێ.

لــە بەشی پاشــەوەی ئەم پارچەیەیشــدا کــە لێی دواین گـەلێ بەیتی پڕواتای تر هەن نیـشـانەی زەقی گیـانی ناسیـۆنالیـستـیی خـانین و وەک بەڵگە گـەلێکی بەرپەرچ نەدراوە لە بەردەمی کـاک بڕاونێـسندا ڕاست

ئەبنەوە، هەرچەند لە ڕووی خۆ بەکەم زانینەوە کە ڕەوشتی کەسانی لەخۆبووردووە، فارسیی لە کوردی لە پێشتر زانیوە، بەڵام، وەک خۆی ئەڵێ، لەبەر تەعەسسوبی بۆ کوردو کوردپەروەری، هاتووە خۆی بەم داستانەوە ماندوو کردووەو بە کوردی نووسیویە، تا کەس نەڵێ کورد هیچیان نی یەو خاوەنی هیچ ئەسڵ و فەسڵێک نین:

خانی ژ کەمالێ بێ کەمالی
مەیدانا کەمالێ دیت خالی
یەعنی نە ژ قابیلی و خەبیری
بەلکی ب تەعەسسوب و عەشیری
حاسل ژ عیناد، ئەگەر ژ بێداد
ئەڤ بیدعەتە کر خیلافێ موعتاد
سافی شەمراند، ڤەخوار دوردی
مانەندێ دەری لیسانێ کوردی
ئێنایە نیزام و ئینتیزامێ
کێشایە جەفا ژ بۆ وێ عامێ
دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن، بێ ئەسل و بونیاد (١٩)

ئەنجا بە هەموو ئاشکرایی یەک باسی ئەوە ئەکا کە ئەیەوێ کوردیش، وەک گەلانی تر، ببنە خاوەنی کتێبی نووسراوی خۆیان، چونکە هەر کوردن لە ناو ئەو گەلانەدا کە ئەو ناسیونی کتێبی تایبەتیی خۆیانیان نی یە:

ئەنواعی میلەل خودان کتێبن
کورمانج تنێ دبێ حسێبن (٢٠)

بۆ ئەوەیش کەس نەڵێ کورد لە نەفامی و بێ کەسی یانەوەیە کتێبی خۆیانیان نی یە، ئەڵێ کورد وەنەبێ نەفام و بێ کەماڵ بن، مەسەلە ئەوەیە بێ کەس و بێ دەرو بێ دەرەتانن و دەستیان بە هیچدا ناگاو تێکڕا نەزان

(١٩) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

(٢٠) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

و نەخوێندەوار نین بەڵکو بێ دەسەڵات و بێ خاوەنن و کەوتوونەتە دەستی خاوەن دەسەلاتی بێگانە. ئەگەر ئێمەی کوردیش خاوەنێکمان هەبوایە [واتە: پادشایەکی لە خۆمانمان هەبوایە وەک میللەتانی تر هەیانە -م] بە دەست و دەهەندەو بەخشندەو قسەزان بوایەو زانست و هونەرو گوێ بۆ مەنتیق شل کردن و شیعرو ئەدەب و کتێبی لامەبەست بوایەو وەک نەختینەیەکی پەسەند مامەڵەی لەگەڵ کردبان، منیش لە سایەیدا ئاڵای شیعرم لە سەربانی بەرزی ئەم گەردوونە هەڵئەکردو شاعیرانی مەزنی میللەتەکەمی وەک مەلای جزیری و عەلیی حەریریم زیندوو ئەکردەوە، واتە لەو شاکارانەی ئەوان دایانهێنان منیش دام ئەهێناو کارێکی وام ئەکرد فەقێی تەیران تا دنیا دنیایە پێی شاد بووایە. مەبەستی لەوەیە زانست و ئەدەب و هونەرو شان و شکۆی هەر گەلێک بەستەیە بە دەسەڵاتی سیاسی یەوە کە بەدەستی خۆیەوە بێ و، خۆی خۆی بەڕێوەبەرێ و چاکی بەڕێوەبەرێ، بەڵام چی بکەم پادشایەکی وامان نی یەو لەبەر نەبوونی ئەویش بازاڕی زانست و ئەدەبمان ساردەو کەسی کڕیار نی یەو ئاشمان ئاوی کەوتووە.. تاد، کە گەلێ شتی تری لەم بابەتەیش لەم پارچەیەدا ئەڵێ و، لەمە زیاتر درێژەدان بەم بابەتە لە تواندا نی یە لە تەنگەلانێکی وەک ئەم شوێنەدا بووترێ:

کورمانج نە پڕ د بێ کەمالن
ئەمما د یەتیم و بێ مەجالن
فیلجوملە نە جاهیل و نەزانن
بەلکی د سەفیل و بێ خودانن
گەر دێ هەبویا مەژی خودانەک
عالی کەرەمەک، لەتیفە دانەک
عیلم و هونەرو کەمال و ئیزعان [21]
شیعرو غەزەل و کیتاب و دیوان

---

(٢١) لە هەموو چاپەکانی بەردەستماندا (کەمال و ئیزعان) نووسراوە. من لام وایە ڕاستەکەی (کەمالی ئیزعان) بێ. لە شێوە نووسینی کۆندا هەر ئەوەندە نووسراوە (کمال اذعان)مەگەر وشەکان سەرو ژێریان بۆ کرابێ.

ئەڤ جـــينس ببـــا ل با وی مـــەعـــمـــوول
ئەڤ نەقــد ببـــا ل نک وی مـــەقـــبـــوول
من دێ عـــەلەمـــا کـــەلامێ مـــەوزوون
عـــــالی بکرا لە بانێ گـــــەردوون
بینا ڤـــە ڕحـــا مـــەلێ جـــزیری
پێ حـــەی بکرا عـــەلی یێ حـــەریری
کـــەیفـــەک وە بدا فـــەقـــیـــهێ تەیران
حـــەتتـــا ب ئەبەد بمایێ حـــەیران
چبکەم کـــو قـــەوی کـــەســـادە بازار
نیتن ژ قـــومـــاشێ ڕا خـــرپیدار (٢٢)

سەرەڕای ئەمە گشتی لە تەواوی داستانەکەیشدا گەلێ بەیت و ئیشارەتی تر هەن ئەوانەی بەوردی لێیان بکۆڵنەوە تێئەگەن خانی بە ئیستیلاحی سیاسی کوردێکی ناسیۆنالیستی پڕبەپێستی وشەکە بووەو عەودالی دوای ڕێگای دەوڵەتێکی خۆمالی بووە گەلەکەی لە ژێر بەرداشی ڕۆم و عەجەم بێنێتە دەرەوەو لەژێر سایەی چەتری شینی ئەم گەردوونەدا جێگای شایانی خۆی بۆ دابین بکا.

جا ئەگەر ئەمە هەمووی نیشانەی ناسیۆنالیستیی خانی نەبێ، ئەبێ چی بێ و، ئەگەر بەدوای دەوڵەتی خۆیی چاودێری کەری ئەدەب و هونەرو زانستدا گەڕان و بیر لێکردنەوەی وا نەبێ، ئەبێ چۆن بێ؟

کاک براونێسن بەوردی باسی ئەوە ئەکا کە خانی لە کاتێکدا کە زانیویە بە کوردی نووسین، بە پێچەوانەی بە فارسی نووسینەوە، خوێندەوارو گوێ بۆ شل کەرێکی زۆر کەمی نەبێ بۆ پەیدا ناکا، کەچی لەگەڵ ئەوەیش هاتووە بە کوردی شیعری داناوە تا خەڵک نەڵێن کورد هیچوپووچن.

باشە، ئەم دەست نانەی خانی بە جەماوەرێکی زۆری خەڵکی خواناو شنەواوەو، ڕازی بوونی بە کۆمەڵێکی کەمی کوردی بە کوردی خوێن و گوێ لە کوردی گر، بۆ ئەبێ نەکرێ بە بەڵگەی ئەوە کە خانی

(٢٢) بڕوانەرە: ئەحمەدی خانی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٥-١٦.

ناسیۆنالیست بووەو هەر ئەوەندەی بە دەمەوە بێ شایەتیی ئەوەی بۆ بدا کە گوایە باوکە گەورەی ناسیۆنالیزمی کوردە؟ ڕەنگ بێ بەڵگەی براونێسن لەم بارەوە ئەوە بێ ناسیۆنالیزم بەرهەمی قۆناغێکی دیاری گەشەکردنی کۆمەڵەو ئەوانەی بەشداری لە ڕێ تەخت کردندا بۆ هاتنەدیی ئەو قۆناغە ئەکەن خۆیان بە ناسیۆنالیست دانانرێن، بەڵکو بنەچەی ناسیۆنالیزمی ئەو کۆمەڵانەن ئەم گەشەکردنە ڕوو ئەدا تیایاندا.

براونێسن ئەمە بە زەقی ناڵێ، بەڵام لام وایە هەر ئەمەی مەبەست بێ، چونکە لەلایەکی تری وتارەکەیدا ئەڵێ: **«ئەمن دڵەڕاوکێیەکی زۆرم هەیە کە لە کەیسی ئەحمەدی خانیدا قسە لە ناسیۆنالیزم بکەم، بەڵام بە حاجی قادری کۆیی بێ ئەم لاو ئەولا ئێمە شاهیدی هاتن و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمێکی ڕۆمانتیکی و ئێدئالی دەبین».**

جیاوازیی نێوان خانی و حاجی و سەردەمی خانی و حاجی چی یە؟

بەلای منەوە، خانی لە ناسیۆنالیزمەکەیدا گەلێ لە حاجی لە پێشترە، چونکە بە ئاشکرا داوای دەوڵەتی کوردیی کردووە، کەچی ئەوە لای حاجی دیار نی یەو، تا ئێستا شیعری وای نەدۆزراوەتەوە وەک خانی بە ئاشکرا گیروگرفتی ژیانی گەلی کوردی تێدا بەستبێتەوە بە نەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەوە، بەڵام ئەم، بەپێچەوانەی ئەوەوە، بە هۆی ژیانی ئەستەموولیەوە، گەلێ لەو زیاتر ئاگاداری ژیانی سەردەم و بیروباوەڕی سەردەمی شۆڕشی بۆرژوا- دیموکراتی ئورووپای سەرمایەداری بووەو، لەگەڵ ژیانی دەرەبەگی یانەی کوردستانی بە قووڵی بەراورد کردووەو هەواڵ و دەنگوباسی ژیانی پێشکەوتووی ئورووپا بە ئاشکرا کاری کردووەتە بیروبۆچوونەکانی و زیاتر لەسەردەمی ژیانی کوردستانی، گیانی بەربەرەکانێ کردنی بیروباوەڕی پڕوپووچ و داوای خوێندەواریی تەنانەت بۆ ئافرەتان و فێربوونی پیشەسازی و هێنانە بەرهەمی سەرچاوەکانی بەروبوومی ناوخۆ لە جیاتیی هێنانی لە دەرەوەو، دیمەنەکانی تری ژیانی شارستانەتیی تێدا گەشەپێداوە، کە ئەم جۆرە بابەتانە بەش بە حاڵی خانی بەتەواوی نادیارو نامۆن.

من وای بۆ ئەچم خـانی، وەک مـەلایەکی کـوردی مـوسـولـمـان، کـە لە ناوجەرگەی کوردستانی خۆیدا ژیاوەو چەندین میرایەتیی کوردی لەبەرانبەر سەفەوی و عوسمانیدا بێ دەسەلاتی بە چاوی خۆی دیوە کە نەیانتوانیوە لەناو خـۆیاندا یەک بگرن و دەوڵەتێکی نەتەوەیی پێکەوە بنێن و بەوە خۆیان لە ژێر دەسەلاتی ڕۆم و عەجەم دەربهێنن و، لە لایەکی کەیشەوە هیچ ئاگاداری یەکی لەو مەترسی یە نەبوە کە کێشەی عوسمانیی دەرەبەگی و ئـورووپـای هەرەتـی گەشـە کـردنی سـەرمـایەداریی ئیـمـپریالیسـتی و ڕاست بوونەوەی ئێـرانی شـیـعـە مـەزەبی دوژمنی عـوسـمـانی کـە سەرەنجامەکەی، لە مەیدانی ئەو کێشـەیەدا، بە سوودی ئورووپا بووە بۆ سـووک کـردنی باری عـوسـمـانی لەسـەری، بەرەو ڕووی هەر مـەلایەکی مـوسـولـمانی سـوننی مەزەبی کردووەتەوە، ناکـۆکیی هەرەگـەورەی لە پێش چاودا ئەوە بـووە کـە لە نێـوان گـەلەکـەی و دوو دەوڵەتی ڕۆم و عـەجـەمـدا بـووەو، چارەی ئەو ناکـۆکی یەیشی تەنـهـا لە پێکەوەنـانی دەوڵـەتی نەتەوەییی کـورددا دیوەتەوە، لە کـاتێکدا کـە حاجی قـادر کە ڕۆژانـی سـەردەمـی هوشیـاریی نەتەوەییـی خـۆی لە ئەستەمووڵ بەسەر بردووەو لە چەرخێکدا ژیاوە قـۆناغی توندوتیـژیی ناکـۆکی یەکـانی نێـوان ڕۆم و عـەجەم بەسـەرچووبوو و بەش بەحـاڵی مەسـەلەی کورد کـە مـاکی ڕەسـەنی ناکۆکیی سەدان ساڵی نێوانیان بوو، هەردوولا گەیشتبوونە دارشتنی یەک جۆرە ستراتیژو تاکتیک و، میرایەتی یە کوردەکانی لای خۆیانیان یەک لە دوای یەک پاکۆ کردبوو و نەخشەی سنووری نێوانیانیان کێشابوو، لەگەڵ ئەوەیش بە قووڵی هەستی بە ژیانی سەختی گەلەکەی خۆی لەژێر دەستی ئەم دوو دەوڵەتەدا ئەکـردو ئاخـوداخی بۆ مـیـرایەتی یە لەنـاو براوەکـانی کوردستان هەڵئەکێشاو ئەیزانی ڕۆم و عەجەم چی یان بە گەلەکەی کردووەو ئەکـەن، ناکۆکیـی هەرە گـەورە لە زەینیـدا ئـەوە نەبوە لە نێوان گەلەکەی و دەوڵەتی عـوسـمـانیـدا بووە، بەڵکو ئەوە بووە لە نێـوان عـوسـمـانی و دوژمنەکـانیـدا بووە بەمەرجێ جۆرە پێوەندێکی بە گەلی کوردەوە بووبێ. بۆ نموونە هەرگـیـز ئەوەندە توند بەگژ دەوڵەتی عـوسـمـانیـدا نەچوە کـە بە گژ بزووتنەوەی نەتەوەییی ئەرمەندا چووە.

ڕاسته بزووتنەوەی نەتەوەییی ئەرمەن باڵێکی شۆڤێنیی دووئاتەشەیشی بووه مەترسی یەکی زۆری ڕێ تێچووی بۆ دوا ڕۆژی کوردو کوردستان بەدەمەوە بووە، بەڵام ئەمە تەنها مەترسی یەکی ڕێ تێچوو بووەو، شتێ نەبوە بەناچاری لە دوا ڕۆژدا وەک مەترسی یەک لە پێش کورددا زەق ببێتەوەو زۆری لەو مەترسی یە کەمتر بووە کە بە هۆی دەوڵەتی عوسمانی و سیاسەتیەوە بەرەنگاری کورد بووەتەوە. حاجی لەوە نەگەیشتووە کەوا لەو قۆناغەدا ئەوی تێدا ئەژیا ئەرکی سەرەکیی سەوشانی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد ئەوە بووە لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەییی ئەرمەندا بگاتە هاوکاری یەک لە دژی دەوڵەتی عوسمانی و، مەترسیی ڕێ تێچووی ئەم بزووتنەوەیە دوا بخا بۆ ڕۆژی خۆی.حاجی لەم کێشەیەدا لە ناو کورۆکدا وەک موسوڵمان زیاتر ئەنوێنێ تا وەک کورد.

حاجی بە شانازی یەوە باسی ڕاپەڕینی گەلانی یۆنان و بەڵقان ئەکا بۆ سەندنەوەی سەربەخۆییی پێشێل کراویان لە چنگ دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام لە دیوانەکەیدا پارچە شیعرێ بەدی ناکرێ داوا لە گەلی کورد بکا ڕاپەڕینێکی وا بەرپا بکەن. داوای یەکگرتنی نەک تەنها ئاغاو میرەکانی کوردستان، بەڵکو جەماوەری میللەتیش لە هەموو چین و توێژاڵێ ئەکاو تەنانەت داوای دەرکردنی ڕۆمی یانیش ئەکاو بەگژی نۆکەرایەتیی ڕۆم و عەجەمدا ئەچێ و گەلێ جار بە خراپ باسی هەردوولایان ئەکاو ئەگاتە ڕادەیەک خەڵکەکە بانگ ئەکا بۆ کۆکردنەوەی هەموو چەکێک و ئەڵێ کاری کوردان بە پەنابردنە بەر چەک نەبێ چاک نابێ و... لەگەڵ ئەمەو لەمە زیاتریشدا پرکێشیی ئەوە ناکا بە ئاشکرا بانگیان بکا بۆ پێکەوەنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی.

من لام وایە ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ گیانی موسوڵمانەتی یەکەی کە لە زۆر هەڵوێستدا لەگەڵ عوسمانی یەکان ئەیانخاتە یەک بەرەوە لە دژی دوژمنانی دەوڵەتی خەلیفەو ناهێڵێ زاتی ئەوە بکا تەوقی مێردەزمەی ئەو بیرە لە گەردنی خۆی داماڵێ و وەک خانی بێ پێچوپەنا دەستی خەڵکەکە بگرێ و بیخاتە سەر شوێنی ئازارەکەیان و چارەیان بۆ دەستنیشان بکا.

جـا ، مـن ئەمــەیشم لە حــاجی یەوە بەلاوە ســەیر نی یە چونکە لەو سەردەمــەدا خــاوەن بیرانی نەتەوە موسولـمانەکانی ژێر دەستی عوسمانی، چ ئەوانەی لە ئەستــەمــوولّ بوون و چ ئەوانەی لە ولاتی خـۆیان، مـەگـەر بەدەگمەن ئەگینا کەسیان داوای جویّ بوونەوەو سەربەخۆییی نەتەوەکانی خۆیانیان نەئەکردو، داخوازیی گشتـیان لە چوارچێوەی هەندیّ ڕیفـۆرم و بەڕێوەبەرێتی یەکی نامەرکەزیدا ئەسووڕایەوەو، حاجییش کە لەوانەیە لە ڕۆژگاری خۆیدا تاقە نوماینـدەی گەلی کورد بوو بێ لە ئەستەموولّ، ئاسان نەبوو بۆی، بەتەنهـا بۆخۆی، ئالای سـەربەخـۆییی گـەلەکـەی لە ناو هەمـوو گەلە موسولـمانەکانی ژێردەستی عـوسمانیـدا هەلّ بکاو لە بازنەی بیـری (کۆمەڵەی ئیسلام) بچێتە دەرەوە.

ئەنجـا ئەگـەر مـن باشی بۆچووبم و کـاک براونێسـن خـانی لەبەرئەوە بە ناسیۆنالیست دانەنیّ چونکە لە سەردەمی خانیدا ناسیۆنالیزم تەنانەت لە ئورووپایشدا لە سەرەتایدا بوو، ئیـتر چۆن ئەبیّ لای خـانی یەکی کـوردی ڕۆڵەی کۆمەڵێکی چەند قۆناغ لە دوای ئورووپاوە دەرکەویّ؟ من، وەک لە سەرەتاوە وتم، باوەڕم بە ڕاستیی ئەم جۆرە قیـاسانە نی یەو، هەرچەندیش ئەزانم ناسـیۆنالـیزم بەرهەمی قۆناغی سـەرمـایەداری یەو سەرمـایەدارییش ئەو سەردەمە لە کـوردسـتانـدا نەبوە، بەلاّم لە مێـژوودا زۆرجار ڕیّ ئەکەویّ هەندیّ بیـروباوەڕی تێکڕا سـەر بە قـۆناغـێـکی نویّ بە هۆی گـەلیّ کـارای لاوەکی یەوە بەر لە سـەرهەڵدانی ئەو قـۆناغـە لە ولاتێکدا سـەرهەڵبـداو، سەرهەڵدانی ئەو هەندە بیروباوەڕانە هیچ لەکە بەوە ناگەیەنیّ کە قۆناغەکە وەک قۆناغ هێشتا سەری هەڵنەداوەو مەرجەکانی سەرهەڵدانی نەهاتوونەتە دی. بۆیە، ئەبوو کـاک براونێسن هیچ دوودلّی یەکی لەوە نەبوایە کە خـانی نـاســیـۆنالیــســتــە یا هەر هیچ نەبیّ وەک بۆ حـاجی قـادری بەکـارهێنا ناسیۆنالیزمەکەی ئەمیشی کە زۆر بەزەقی بە سەرەتای مەم و زینەکەیەوە دیارە بە ناسیـۆنالیزمێکی ڕۆمانتیکی و ئایدیالی لە قەڵەم بدایە، چونکە بە هەرحالّ مەسەلەکە لە یاری بە وشە کردن بەولاوە ناوکێکی ڕاستەقینەی نی یە، ئەگینا پایەی کەسانی وەک خانی و حاجی لە مێژووی سیـاسی و فکریی گەلی کورددا لەسەر ددان پێدانان و بۆ مۆرکردنی کەس نەوەستاوە.

من هەرچەند چاو بەم وتارەی کاک براونیسندا ئەگێرمەوە وام بە خەیاڵدا دێ دەیەوێ بەهەر چەشنێ بووە قەدری خانی و مەم و زینەکەی کەم کاتەوەو بە ئەگەرو مەگەرو ئیحتیمالات تێدا دۆزینەوە وا لەم بەرهەمە دانسقەیەی خانی بکا بیکا بە شتێکی زۆر لە خوار پایەی ڕاستەقینەیەوە لە مێژووی فکری سیاسیی کورددا.

ئەوەتا پاش ڕەتکردنەوەی بەڵگەییی سەرەتای مەم و زین بۆ ناسیۆنالیستیی خانی و بیرکردنەوەی لە دەوڵەتێکی کوردی، کە زۆری لەسەر دواین، جارێکی ترو لە شوێنێکی تری وتارەکەیدا ئەگەڕێتەوە بۆ سەر مەم وزین و، وەک بڵێی لە داوەری کردنی دەروونی خۆیدا هەستی بەوە کردبێ کە تەقەلاکەی بۆ کەم کردنەوەی پایەی سەرەتاکەی مەم وزین بێ سوودەو، لەبەرئەوە بی یەوێ بە ئینکاری ڕاستیی دانە پاڵ خانیی سەرەتای مەم و زین بە جارێ لە بنی مەنجەڵ بداو، ئەڵێ:

**«لە ڕاستیدا ئەمن بۆ خۆم بۆ ماوەیەک پێم وابوو ئەوانە** [واتە: ئەو بەیتە نوێباوانەی سەرەتای مەم وزین -م] **لەلایەن نووسەرەوەیەکەوە زۆر دواتر لە نووسراوەکەی خانی ترینجێندراون، چونکو ئەوان لە بەر گوێی من زۆر تازە بوون، بەڵام ئەو وشانە لەو چاپە زانستییە وا لەلایەن م.ب. ڕوودێنکۆ M.B. Rudenko وەشرا بڵاوکراوەتەوە، هەن، کە لە ڕووی نۆ دەستنووسی جۆربەجۆرەوە ساخکراوەتەوە کە ئەوی هەرە کۆنیان لە ساڵانی ١٧٣١-١٧٣٢ دا نووسراوەتەوە، واتە زۆر پێش لە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی نوێباو لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست».**

کەواتە، براونیسن سەردەمانێکی کەم یا زۆر باوەڕی نەبوە کەوا ڕێی تێ ئەچێ بەرلەوەی ناسیۆنالیزمی نوێباو لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا سەرهەڵبدات، شتێکی ناسیۆنالیستانە لە کوردستاندا بنووسرێ، چونکە ئەبێ ئەو خاکەی بە قسەی لێکۆڵەرەوان و مێژوونووسان بەر لە هەموو جیهان دانەوێڵەی تێدا داچێنراوەو گوندی تێدا دروست کراوەو یەکێکە لە کۆنترین نشینگەکانی ئادەمیزاد، لە هەموو ڕۆژهەڵات ئایەختر بێ و بۆ ئەوە نەشێ هیچ شتێکی تێدا سەرهەڵبدا پێش ئەوەی لە شوێنێکی تری

ڕۆژهەڵاتدا سەری هەڵدابێ.

ئەم بیروبۆچوونەی ماوەیەکی تەمەنی براونێسن ئەو چەند بەیتەی سەرەتای مەم و زین بە درۆو دەست هەڵبەستی کابرایەکی ساختەچی دائەنێ و بەمەیش هەڵگرانی بیری ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا بە درۆزن دەرئەکا کە گوایە ویستوویانە شان و شکۆی درۆینە بۆ گەلەکەیان پێکەوە بنێن. کاری ڕاست بێ ڕوودێنکۆی جوانەمەرگ کە تێکستێکی لەسەر چەند دەستنووس ساغکراوەی مەم و زینی لە ١٩٦٢دا بڵاوکردەوە یەکێکیان تەنها ٣٤ ساڵ پاش دانانی مەم و زین و گەلێ پێش دەرکەوتنی بیری ناسیۆنالیزمی نوێیاو لە ڕۆژهەڵاتدا نووسراوەتەوە. باشە، کاک براونێسن کە بۆی دەرکەوت بۆچوونەکەی زووی لە جێی خۆیدا نەبووە گومان لە ڕاستیی دانەپاڵ خانیی ئەم بەیتانەدا نییە، ئیتر نەئەبوو پاشماوەی بۆچوونە هەڵەکەی لە دڵ و دەروونمدا نەمێنێ؟ کەواتە ئەگەر بۆ بەڵگە هێنانەوە نەبوە بۆ بەشایان نەزانینی کورد بۆ ئەوەی لە دەمێ ساڵەوە چەکەرەی بیری ناسیۆنالیستی سەری لەناویاندا هەڵدابێ، یا هەر هیچ نەبێ بۆ ئەوەی خانی و مەم و زینەکەی ئەو شایەت و دەستاوێژە نین لەم بارەوە باوەڕیان پێ بکرێ، بۆچی لەو کۆڕە گەورەو گرانەی یادکردنەوەی خانی و سالگەردی سێسەدی دانانی مەم وزیندا بۆ گوێگرانی ئەگێڕێتەوەو، بەڵگەیەتیی قسەکەی لە چیدایەو، سوودە زانستی یەکەی کامەیەو، چ کەلێنێک لە جیهانی توێژینەوەدا پڕ ئەکاتەوە؟ ئەگەر چاپە بڵاوکراوەکەی ڕوودێنکۆ لە بەردەستی خوێندەواراندا نەبوایە ڕەوا بوو بووترێ ئەو بەیتانەی دراونەتە پاڵ خانی زۆر لە ڕادەی گەشەکردنی کوردستانی سەردەمیەوە دوورن و، هەموو کەسێکیش دەستی نەئەگەیشتە ئەو کتێبخانانەی دەستنووسەکانی مەم و زینیان تێدا هەڵگیراون تا بە چاوی خۆیان بی یانبینن و ڕاستی یان بۆ دەرکەوێ و، لەبەرئەوە خستنە بەر گومانیان کارێک نەئەبوو لە گیانی توێژینەوەی زانستی یەوە دوور بێ. بەڵام مادەم ڕوودێنکۆ مەیدانی هیچ بۆچوونێکی لەم چەشنەی بۆ کەس نەهێشتەوەو دەستنووسی وای خستەڕوو ڕێگا بۆ گومانەکەی براونێسن نەهێڵێتەوە، ئیتر ئەو بە چ حەقێک ئەم بۆچوونە نادروستەی خۆی ئەخاتە

بەردەستی کۆمەڵانی خوێندەواران؟ ئەو ئەگەر لەگەڵ ددان نان بە ناسیۆنالیستیی خانی و بە بەڵگەدانانی شیعرەکانیدا بۆ داواکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئەم قسانەی بکردایە، ئەبوون بە مایەی بەهێزکردنی بۆچوونەکەی، بەڵام کە مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیە، ئەنجامیان لەوە بەولاوە نابێ کە کۆمەڵانی گوێگرو خوێندەوار لەوە دوو دڵ بکا کە خانی ئەوکەسە بێ و، مەم و زین ئەو بەرهەمە بێ ئەوەندە بە شان و باڵیاندا هەڵبدرێ.

براونێسن پاش ئەو ڕستەیەی ئێستا گێرامانەوەو پاش هێنانەوەی چەند بەیت و نیوە بەیتێک لە سەرەتای مەم و زینی خانی لەوانەی نیشانەی داواکردنی دەوڵەتی کوردن، ئەڵێ: **«وەسوەسەی ئەوە دەکەوێتە بیری مرۆڤ کە ئەو قسانە وەک سکاڵای کوردێک بخوێنێتەوە کە بیر لەوە دەکاتەوە بۆچی گەلەکەی چ دەوڵەتی نی یە، لە کاتێکدا گەلانی دیکە، تورکەکان، عەرەبەکان فارسەکان هەیانە»**. ئەو گشتە بەیتە زەق و ئاشکراو بێ پێچوپەنایانەی خانی کە ئێمە زۆریانمان گێڕانەوەو لەسەرمان نووسین و گیانی ناسیۆنالیستی و کوردایەتی یان لێوە لێشاو ئەکا، براونێسن هەر ئەوەندەیان پێ ڕەوا ئەبینێ کە بڵێ مرۆڤ لە خوێندنەوەیانەوە خوتوورەی ئەوە ئەکەوێتە دڵیەوە کە سکاڵای کوردێک ئەخوێنێتەوە داوای دەوڵەتی کوردی ئەکا.. ئەگەر براونێسن لە ڕاستیدا جێگایەکی شایانی لە مێژووی بیری سیاسیی کورددا بۆ خانی دانابوایە مەسەلەکەی بە ڕستەیەکی وا ساردو سڕی بێ گیان نەئەبڕی یەوە. توخوا، خەڵکینە، شیعری وا لە ئەدەبی هەر میللەتێکی تردا ببێ و، لە سەردەم و چاخێکی بەش بە حاڵی ئەو میللەتە وەک ئەو سەردەم و چاخەی کورددا وترابێ کە خانی وتوونی تیایدا، بە پیتی زێڕو لەسەر بەرزترین دیواری شکۆمەندترین بینای مێژوویی ئەو میللەتە ناینووسنەوە؟ ئەمانە شیعرێکن ئەوەندەیان بە باڵا ببڕێ کە کاک براونێسن بە باڵای بڕیون؟

بەڵام براونێسن تەنانەت ئەو وەسوەسەو خوتوورەیەیش بەو شیعرانە ڕەوا نابینێ و، وەک خۆی ئەڵێ: **«لەم جۆرە تێخوێندنەوەیە دوو گیروگرفت**

**ڕاست دەبنەوە. بە پێی سەرچاوەکانی دیکەی ئەو سەروبەندی ئێمە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەدەمی خەڵک بە گشتی خۆیان بە گرووپی ئێتنیکی یان نەتەوە پێناسە نەدەکرد بەو شێوەیەی کە خەڵک لەم ڕۆژگارەدا دەیکەن. ڕۆم، عەرەب و عەجەمی ئەحمەدی خانی گرووپی ئێتنیکیی خاوەن دەوڵەت (بەدەوڵەت) نین. ڕۆم لە بناوانەوە ئیمپراتووریی ڕۆم بوو و دواتر بەشی ڕۆژهەڵاتی واتە بێزانتیۆم، پاشان ئەم نێوە بۆ جێنشینەکانی دەکارکرا، دەوڵەتەکانی سەلجووقی و عوسمانی و، ئێستا جارجار بۆ نێودێر کردنی کۆماری تورکیا بەکار دەهێنرێ. بەڵام ئەو نێوە قەت بۆ نێودێرکردنی تورکی ئاسایی دەکار نەکراوە. زاراوەی عەجەم لەلایەن عەرەبەکانەوە دەکار دەکرا بۆ بانگکردنی گشت ئەوانەی بە زمانی جوێ لە عەرەبی دەدوان و، لە زمانی تورکیی عوسمانیدا تایبەتی بۆ نێودێر کردنی هەموو جۆرە ئێرانی یەک دەکار دەکراو لەوانە تورکی ئاخێوەرانیش»**. شایانی وتنیشە براونێسن ئەم قسانەی پاش هێنانەوەی چەند بەیتێکی خانی ئەکا کە ئەم دوو بەیتە لەوانەن:

گەر دێ هەبویا مە ئیتیفاقەک
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک
ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیان ژ مەڕا دکر غولامی

مەبەستی براونێسن لەم قسانەی ئەوەیە بگاتە ئەو ئەنجامە کەوا خانی باس لە دەوڵەت ناکاو مەبەستی لە ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەنها چەند گرووپێکی ئێتنیکی یە کە پێ یان ئەڵێن ڕۆم یا عەرەب یا عەجەم نەک گەلانێک بەم ناوانەو بە زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی دووی خاوەن دەوڵەت و، تەنانەت مەبەست لە (مە) کەیش کە بۆ کورد ئەگەڕێتەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکە نی یە ئێمە ئەمڕۆ پێ یان ئەڵێین (کورد)، وەک پاشتر لەم باسەیش ئەدوێین. ئەمەیش هەموو بۆ ئەوە کە گیانی نەتەوەیی یەتی لە خانی داماڵێ و کوردو تورک و عەرەب و فارس بکا بە کۆمەڵانێکی خەڵکی بەناو جیا بەڵام هیچ جۆرە ناکۆکی یەکی پێوەندی دار بە دەسەڵاتی سیاسی یەوە لە نێواندا نەبوو. ئەمەیش قسەیەکی هەر لە خۆوەی

بێ بەڵگەو دەلیلەو، ڕیز کـــردنی ئەم ناوانە لە بەرانبـــەری یەکـــدا لە شیعرەکانی خانیدا هەر بۆ خۆی نیشانەی ئەوەیە ئەمانە کۆمەڵە خەڵکێکن هەر یەکە زمانێک و نیشتمانێک و کەسایەتی یەکی تایبەتیی خۆی و بارودۆخێکی سیاسیی جویّ لە هیی ئەوانیانی هەیەو، تیایاندایە دەستی بەسەر یەکێ یا دوان لەوانیاندا گرتووەو دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانیی لە دەست دەرهێناوە.

کە لەم ڕاستی یە بووینەوە، دێینە سەر شیکردنەوەو لێدوانی قسەکانی براونێسن لەم بارەوە کە پێشتر بە یەک پارچە هەموومان خستە بەردەستی خوێندەواران و، ئەڵێین:

ڕۆم و عـەرەب و عـەجەمی مەم و زینی خـانی و هیی پێش سـەردەمی خانییـش، خـاوەن دەوڵـەت بووبـن یا نەبووبـن (کە بوویشـن)، مـەبەست لێ یان گرووپە خەڵکانێ بووە بە زمانی جیا جیا دواون و هەریەکە وڵاتی خۆیانیان بووە. عەرەب لای هەموان ئەوانە بوون بە عەرەبی دواون و وڵاتی خۆیانیان بووەو زۆریشـیان بە کۆمەڵ کۆچیان کردووە بۆ وڵاتی گەلانی ترو تیـایدا نیشـتـەجێ بوون. ڕۆم لە سـەردەمی بێزەنتی یەکاندا بەوانە وتراوە دانیشتووی وڵاتی بێزەنتە بوون و بە زمانی ئەو وڵاتە دواون کە تورکیای ئێستـا ئەگرێتەوە. پاش ئەوەیش کە وڵاتی بێزەنتـە کەوتە دەست خێڵـە تورکەکان کە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتبوون ناوەکە مایەوەو بەسەر ئەم تورکـانەدا بڕا. عەجەمیش، ڕاستـە، وەک ناوێکی نیـمچە شۆڤێنی یانە لەلایەن عــەزەبەوە بە هەمــوو ناعــەرەبێک وتراوە، بەڵام هیچ کـام لەو گەلانەی ناوی عەجەم گرتوونیەوە، تەنانەت فارسیش، بە خۆیانیان نەوتووە عــەجەم. زۆرجاریــش، شــان بە شـانی ناوی عــەرەب و عــەجـەم، ناوی گـــەلانی تریش هێنراوە وەک ڕۆم و بەربەرو هیی دی کـــە ئەمــــەیش وائەگەیەنێ هەمیشە بە ناعەرەبەکان نەوتراوە عەجەم. ڕاستیش نی یە ئەم ناوانە ناوی گــرووپی ئێــتنیکیی بێ دەوڵەت بن. بەڵێ ناوی گــرووپی ئێـتنیکی بوون، بەڵام مـەسەلەکە بە حوکـمی ناچاری پێوەندی بە بوون و نەبوونی دەوڵەتەوە نەبوە. وابووە گرووپە ئێتنیکی یەکە دەوڵەتی خۆی بووە

یا نەیبوەو زۆرتریان بوویەتی. کە پێغەمبەری ئیسلام نامە بۆ پادشای ڕۆم و فارسەکان (فورس) ئەنووسێ و داوایان لێ ئەکا موسوڵمان بن و ئۆباڵی جووتیارەکانیان ئەخاتە ئەستۆ ئەگەر موسوڵمان نەبن، مەبەستی لە ڕۆم و فارسەکان تەنها گرووپێکی ئێتنیکی نەبوە، بەڵکو گرووپێکی ئێتنیکیی خاوەن دەوڵەت و پادشایش بووە. کە سەعدیی شیرازییش ئەڵێ:

ز دریای عـــمـــان برامـــد کـــسی
ســـفـــر کـــرده هامـــون و دریا بسی
عـــرب دیده و ترک و تاجـــیک و روم
ز هـر جـنـس در نـفـس پـاکش علـوم (٢٣)

واتە: کابرایەک لە دەریای عومانەوە سەری هەڵدا گەشتی زۆری دەریاو بیابانی کردبوو، عەرەب و تورک و تاجیک و ڕۆمی دیبوو و زانستی هەر ڕەگەزێ لەمانە کاری لە دەروونی پاکیدا کردبوو، کە ئەمەیش واتە وڵاتی ئەو گرووپە ئێتنیکی یانە هەموو، گەڕابوو، چۆن ئەتوانین ئەم ڕەگەزانە تەنها وەک گرووپێکی ئێتنیکیی بێ دەوڵەت تەماشا بکەین مادەم کە هەرکامیان زانستێکیان بووەو زانستیش چالاکی یەکی کۆمەڵایەتیی ئادەمیزادە دەزگایەکی ڕێکوپێکخەری ئەوێ کە لە ئیستیلاحدا پێی ئەوترێ دەوڵەت؟ تێکڕا لە ئەدەبیاتی کۆن و تازەدا کە ناوی گرووپێکی ئێتنیکی بهێنرێ ڕژێمی بەڕێوەبەرێتی و دەوڵەتیشی لەگەڵدا ڕەچاو ئەکرێ و، نەبوونی دەوڵەت، هەر جۆرە دەوڵەتێ بێ، بۆ هەر گرووپێکی ئێتنیکی شتێکی کەمیابەو کەمیاب بووە مەگەر ئەوەندە بچووک بێ بۆ ئەوە نەشێ دەوڵەتی هەبێ و خاکی سەربەخۆی نەبێ یا لە وڵاتی خۆی تەرا کەوتبێ و پەرییێتە ناو گەلی وڵاتێکی ترەوەو توانی ئەوەی نەبووبێ لەوێ دەوڵەتی خۆی دامەزرێنێ. بەکارهێنانی ناوی هەر گرووپێکی ئێتنیکی تەنها لەو حالانەدا واتای دەوڵەتی ئەو گرووپەیشی تێدا ڕەچاو ناکرێ کە لە قسەی عادەتیی خەڵکی ڕەمەکیدا بێ.

---

(٢٣) بڕوانەرە: مصلح الدین سعدی شیرازی، کلیات سعدی، بوستان، بمبی(هندستان)، مطبعهء محمدی، ١٩٦١، ص ٨٠.

جا، ئەگەر خانی ئەم ناوانەی ڕۆم و عەرەب و عەجەمی بەمەبەستی گەلی دەوڵەتدار بەکارنەهێناوە، ئەی چۆن هەر لەسەرەتای مەم و زینەکەیدا چەند جار باسی ئەوەی کرد کە ئێمەی کورد ڕۆم بەسەرماندا زاڵ بوون و بووین بە ژێردەستەی تورک و تاجیک و عەجەم و، شوێن کەوتنی ڕۆم و عەجەم و مل بۆ کەچ کردنیان شوورەیی یەو، لە جەنگی نێوان ڕۆم و عەجەمدا لە خوێنی خۆماندا شەلاڵ بووین؟ ئەم قسانەی کاک براونێسن لەوانەیە بەگوێی کەسانێکدا بچن کە تەواوی سەرەتای مەم و زینیان بەوردی نەخوێندبێتەوە، ئەگینا بەش بە حاڵی ئەوانەی شارەزایانە ئاگاداری ئەو سەرەتایەن، زۆر چاک ئەزانن خانی تاقە جارێ چی یە لەو سەرەتایەدا ناوی ئەو گرووپە خەڵکانەی بێ مەبەستی سیاسی و بێ لە چاوگرتنی دەسەلات و دەست بەسەر کورددا گرتن و ئازاردانی کورد لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆم و عەجەمەوە بەکارنەهێناوە.

بوونی شێوەیەک لە شێوەکانی دەوڵەت، لە سەرەتایی ترین شێوەوە تا گەشەکردوو ترینی، لەگەڵ تێکڕای هەر گرووپێکی ئێتنیکیی خاوەن جیۆگرافیای خۆیدا کارێکە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی کۆمەڵگەی چینایەتی یەوە هەیەو، نازانم کاک براونێسن بۆ ئەم ڕاستی یە لە زەینی خۆی ون ئەکا هەر بۆ ئەوەی لە گوێگرانی وتارەکەیی بگەیەنێ کە ناوهێنانی ڕۆم و عەرەب و عەجەم لە سەرەتای مەم وزینی خانیدا بەمەبەستی گرووپی ئێتنیکیی خاوەن دەوڵەت نی یە.

براونێسن هەر لە چوارچێوەی ئەم قسانەیدا دەربارەی واتای ناوی ڕۆم و عەرەب و عەجەم و کوردو شتی وا، لە سەری ئەڕواو ئەڵێ: **«عەرەب و کورد (یان کرمانج، خانی هەردوکیان بە کاردەهێنێ) دەوڵەت نین، بەڵکو گرووپی ئینسانین»**. منیش ئەڵێم هیچ ناکۆکی یەک لە نێوان ئەو دوو شتەدا نی یە کە عەرەب یان کورد یان هەر ناوێکی دیی لەم چەشنە، هەم بە واتای دەوڵەتیش و هەم بە واتای گرووپێکی ئینسانییش بەکاربێن. شوێنی بەکارهێنانی وشەکە ئەوەمان بۆ دەست نیشان ئەکا کام واتا مەبەستە. لە سەرەتای مەم وزینی خانیدا عەرەب، هەروا ڕۆم و عەجەم، بۆ

هەردوو واتاکە بەکارهاتوون، هەرچەند لە سەردەمی خانی خۆیدا عەرەب دەوڵەتێکی سەربەخۆیان نەبوەو سەرانسەری عەرەبستان ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی بووە، بەڵام خۆ رۆژگارێکی دوورو درێژ عەرەب فەرمانڕەوای سەرانسەری جیهانی ئیسلام بوون و، خانییش ئیشارەت بۆ ئەوە ئەکا کە بەشێکی زۆری مێژووی کوردوکوردستان پاش هاتنی ئیسلام بریتی بووە لە ژێردەستەیی دەوڵەتانی عەرەب و عەجەم و تورک، ئەگینا خو لام وایە زانیبێتی حاڵی عەرەبیش لە سەردەمی ئەودا زۆر لە هیی کورد خۆشتر نەبوە. دووریش نی یە خانی لەم هێنانی ناوی عەرەبەیشدا شان بە شانی رۆم و عەجەم، ئیشارەت بۆ ئەو شەڕە خێڵانەیش بکا کە لەسەر لێواری سنووری کوردستان و عەرەبستان روویان ئەداو خێڵە عەرەبەکان لێشاویان ئەهێناو خێڵە کوردەکانی ناوچەی مووسڵ و جزیرەو حەڵەبیان لە شوێنی خۆیان دەرئەپەڕاندو زەویوزارەکانیان داگیر ئەکردن و خۆیان ئەهاتنە جێ یان.

براونێسن لە ئاوەڵەترکردنی بیروبۆچوونەکانیدا لەمەڕ خانی و مەم و زینەکەی، گەلێ دوورتریش ئەڕواو ئەڵێ: **«بەڵام ئەمن لەوە بەگومانم کە داخوا مەبەستی خانی بەوردی لە نێوهێنانی هەمان گەل بووە کە لەم رۆژگارەدا ئێمە وەک نەتەوەی کوردی باس دەکەین. هەروەک ئەمن لە جێگەی دیکەشدا نووسیومە زاراوەی کورد لەو زەمانیدا وێدەچێ تەنێ بۆ نێودێرکردنی عەشیرەتە کوردەکان و بەشێک لە دەستەی سەردەستی ئاریستۆکرانی شارنشین بەکارهاتبێ، بەڵام نەک بۆ جووتێرانی ناعەشیرەتی».**

خانی کە وتی (کورد) یا (کرمانج) مەبەستی ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە بە ناوی کورد یا کرمانج ناوئەبرێن. ئیتر بۆ ئەبێ خێڵ و جووتیارەکانی کورد لێک جوێ بکرێنەوە؟ براونێسن ئەمەی بە هیچ کلۆجێ لە وتارەکەیدا روون نەکردووەتەوە، بەڵام لە پەراوێزی ژمارە (١٠)یدا حەواڵەی وتارێکمان ئەکا لە ژمارە (٣)ی هەمان گۆڤاری (گزینک)دا کراوە بە کوردی. کە گەڕامەوە سەر ئەو وتارە، ئەوەندەم توانی بابەتی وا لێ هەڵبکرێنم کە بۆ

بەڵگەیی بۆ ئەم قسەیەی ئێرەی بشێ کە ئەڵێ: «گشت ئەو کوردانەی ئەو [واتە شەرەفخانی بیتلیسی لە شەرەفنامەکەیدا -م] باسیان دەکا، نەجیوزادەی شارستانی یان عەشیرەتن»و، «ئەو بە جووتێرانی بندەست، بێ لە چاوگرتنی ئایین و زمانیان، قەت ناڵێ کورد»و، «ئەو حەماسەیە [مەبەستی لە مەم وزینی خانی یە-م] ئەدەبییاتی دەربارەو کوردەکانی خانی جووتێر نین، بەڵکو سەر بە سەردەستی ئێلیت (فیوودال)ن». پێم وایە ئەمەیش بۆ ئەوە ناشێ بکرێ بە بەڵگەی ئەوە کە کورد لە سەردەمی خانی و بەر لە خانیدا تەنها بە خێڵە کوردەکان و بەشێک لە دەستەی سەردەستەی ئاریستۆکراتی شارنشین وتراوەو، بە جووتیارانی کورد نەوتراوە کورد. ئەمەیش کە ئەو کوردانەی شەرەفخان لە کتێبەکەیدا باسیان ئەکا هەموو نەجیبزادەی شارستانی یان عەشیرەتن، لە خودی خۆیدا ئیسپات کردنی ئەوێ، چونکە ئەرکی سەرشانی شەرەفخان لە کتێبەکەیدا شیکردنەوەی بنەمای کۆمەڵایەتیی ئەو خەڵکانە نەبوە کە باسیان لێ ئەکاو، ئەو تاقە جارێ چی یە لە کتێبەکەیدا نەیوتوە «کوردەکان و جووتیارەکان» تا ببێ بە بەڵگە بۆ ئەوە کە لەو سەردەمەدا جووتیار بە کورد دانەنراون و وا تەماشاکراون کە لە میللەتێکی تر بن، هەرچەند ئەگەر وایشی وتبا ئێمە بە جۆرێکی ترمان مانا لێ ئەدایەوە وەک پاشان لەمەیش ئەدوێین. هۆی باس نەکردن یا کەم باس کردنی ناوی جووتیاری کوردو ناونەهێنان یا کەم ناوهێنانیشیان لە سەرچاوەکانی ئەو سەردەمانەدا، ئەوەیە لەو زەمانەدا کوردی گوندنشین لەچاو خەڵکی تردا کەم بوون و زۆرتری کوردان عەشایەرو ڕەوەند بوون و کوردە شاری و دێهاتی یەکان، سەربازی پیشەیی یان لێ دەرکەی، جەنگاوەر نەبوون و خەریکی کشتوکاڵ و وەستایی و بازرگانی و کاسبیی تر بوون و دەورێکی زەقیان لەو ڕووداوانەدا نەبوە کە زۆرجار بە بەکارهێنانی چەک براونەتەوە. پێش گەشەکردنی سەقامگیری و گوندنشینی و ڕووکردنە کزیی ژیانی کۆچەری، بڕبڕەی ژیانی ئابووریی کوردستان بە حەیوانداری بەند بووە نەک بە کشتوکاڵ و، حەیوانداریش کاری خێڵە ڕەوەندو شوانکارەکان بووە کە سەرەڕای ئەوەی بەپێی سروشتی

ژیانیان و بۆ داکۆکی کردن لە سامانەکەیان لە دزو جەردەو ڕێگرو لە دڕوندەی کێوی چەک بەدەست و جەنگاوەریش بوون، بە بنەمای کۆمەڵیش ناسراون و دراونەتە قەڵەم و، جووتیارو لادێییی ترو شارنشینەکانی بنەوە وەک چینێکی ئایەختر لە خێڵەکی یەکان تەماشاکراون [٢٤].

تەنانەتیش ئەگەر لەو سەردەمەدا تەنها بە خێڵەکان و بەشێک لە دەستەی ئاریستۆکراتی شار وترابێ (کورد)، دیارە ئەوە بە هیچ جۆرێ واناگەیەنێ جووتیار کورد نەبوون. ئەمانە مادەم لە میللەتێکی تر نەبوون و بە شتێکی تری ناکورد دانەنراون، دیارە هەر کورد بوون، چونکە لەو خاکەدا ژیاون کە خێڵە کوردەکانیشی تێدا ژیاون و بەو زمانە دواون کە ئەوانیشی پێ دواون و، بەشداری ئەو ژیانە ئابووری و کۆمەڵایەتی یە بوون کە خێڵەکانیش بە حەیوانداری هێناویانەتە بەرهەم و، داب ونەریت و خووڕەوشتیان تێکڕا هەر ئەوە بووە کە ئەوان بوویانەو، بەڵکو هەر بەشێک بوون لەوان و ڕۆڵەی خێڵەکانی ئەو ناوچانە بوون کە گوندو شارەکانیانی تێدا بوون و بە یەکە یەکەو کۆمەڵ کۆمەڵ لێیان جوێ بوونەتەوەو لە شارو گوندەکاندا نیشتەجێ بوون و، لەمەیش زیاتر ئەمان بوون بە بنیاتنانی سەقامگیری لە کوردستاندا بنەمای ناسیۆنالیزمی دواڕۆژی کوردیان دانا.

کەواتە ناونەهێنانی جووتیارانی کورد لە سەرچاوەیەک یا زیاتردا، هەرگیز نابێ بە بەڵگەی ئەوە کە ئەوانە کورد نەبوون یا پێ یان نەوتراوە کوردو، بەڵگە هێنانەوە بەوە بۆ بە کورد دانەنانی جووتیاران لەسەر هیچ پایەو بنەمایەک ڕاناوەستێ.

ئەمە، ئەمە. بەڵام چش، با بە جووتیار نەوترێ کورد! ئەمە چ دەورێکی لەوەدا هەیە کە مەبەستی خانی لە وشەی (کورد) و (کرمانج) لە سەرەتای

---

(٢٤) لێرەدا، بۆ نموونە، ئەتوانم وەزعی جووتیاری کورد لە کوردستانی فیوودالیی خێڵەکیدا بە وەزعی بەندەکان بشوبهێنم لە یۆنانی کۆندا، چۆن لەوێ تەنها بە ئازادەکان ئەوترا (گەل)، لەوانەیە لێرەیش هەر بە خێڵەکان و ئاریستۆکراتەکانی شار وترابێ (کورد)و، چۆن ئەو بەندانە بە بە گەل دانەنانیان لە ڕاستیدا لەوە نەکەوتوون کە بەشێکی سەرەکیی گەل بوون و لایەکی گەورەی ژیان لەسەر ئەوان وەستاوە، جووتیارە کوردە بە کورد ناو نەهێنراوەکانی لای خۆیشمان هەروا.

مەم و زینەکەیدا دیاری بکاو، کێشەی نێوان کوردو ڕۆم و عەجەم لە کێشەی گەلێکی ژێردەست کراوو حوکمڕانانێکی داگیرکەری لەو گەلانەی تر، بکاتە دەرەوەو، ڕێگای ناسیۆنالیستێتی لە خانی بگرێ و ئیددیعای بیرکردنەوەی لە دەوڵەتێ بۆ کورد بە درۆ بخاتەوە؟ ئاخۆ ئەگەر بە جووتیاری کورد نەوترا کوردو، لە کێشەی نێوان دوو لای داگیرکەرو ژێردەست کراو کرانە دەرەوە، کێشەکە بەش بە حاڵی ئەو داگیرکەرانەو ئەو خێڵە کوردە ناجووتیارانە ئەبڕێتەوەو نێوانی کوردو ڕۆم و عەجەم ئەبێ بە ماستی مەییوو، سەرچاوەی سەرهەڵدانی بیرە ناسیۆنالیستی یەکەی خانی و داوای دەوڵەتەکەی بۆ کورد کوێر ئەبێتەوە؟ من دێ بە خەیاڵما خانی هەر بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆ چوونێکی وەک ئەمەی براونێسن بووە، وەک وشەی (کورد)ی لە سەرەتای مەم وزینەکەیدا بەکارهێناوە، وشەی (کرمانج)یشی تێدا بەکارهێناوە کە لە گەلێ شوێنی کوردستاندا بە واتای (جووتیار) بەکاردێ، تا کەسێ ڕاست نەبێتەوە بڵێ خانی تەنها بە کوردە خێڵەکی یەکانی وتووە کوردو، جووتیارانی کوردی بە بەشێ لە گەلی کورد نەزانیوە.

لێرەدا پێم بێ جێ نییە قسەیێ لەوەیش بکەین کە لەوانەیە براونێسن مەسەلەیەکی تری لێ تێکچووبێ و بەم جۆرەی هێنابێتەوە کە بە جووتیارو وەستاو پێشەوەران نەوتراوە (کورد). لە کوردستانی باشووردا و بە وردی لە ناو عەشرەتی جافدا [٢٥] جۆرە دابەشکردنێکی دانیشتووان هەبوە خەڵکیان دابەش کردووە بە دووبەش (کورد)و(گۆران). کورد ئەوانە بوون کە شوانکارەو ڕەوەند بوون، گەرمیان و کوێستانیان کردووەو ئاژەڵیان بەخێو کردووە. گۆرانیش ئەوانە بوون کە گوندنشین بوون و کشتوکاڵیان کردووەو چەرچی یەتی یان کردووەو بە پیشە دەستی یەکانەوە خەریک

(٢٥) نازانم ئەمە لەناو عەشرەتی تریشدا هەیە یا نە؟ بەڵام لام وایە جافەکانی کوردستانی عێراقی ئێستا کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە کۆچیان کردووە بۆ کوردستانی ڕۆژاوا، ئەم دابەشکردنەیان لەگەڵ خۆیان هێناوەو بە سەر گوندی یەکانی دەوروبەرو سەر ڕێی گەرمیان و کوێستانیانیاندا بڕیوە، چونکە پێش کۆچکردنەکەیان دراوسێی عەشرەتی گۆران بوون.

بوون. کوردەکان [مەبەستم لە کوردەکانی ئەم دابەشکردنەیە-م] بە چاوی سووک ڕوانیویانەتە گۆرانەکان و کشتوکاڵ کردن و دووکانداری و پیشەگەری یان بەلاوە کارێکی بێ وەج بووە. ئەمە تەنها لە ناو ئەم خێڵە کوردەدا نەبوە. عەرەبە دەشتەکی یەکانیش هەڵوێستیان بەرانبەر عەرەبە لادێ نشین و زەرعاتکەرو خاوەن پیشەکان هەر وا بووە. من خۆم ئاگادار نیم، لەوانەیە لە کوردستانی باکووریش کە براونێسن توێژینەوە زانستی یەکانی خۆیی دەربارەی کورد تێدا کردووە هەر وا بووبێ و خەڵکی بەپێی خێڵەکایەتی و لادێ نشینی دوو ناوی جیاوازی وەک (کورد)و(کرمانج) یا دوو ناوی تریان بووبێ، بەتایبەتی کە لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا، وەک پێشانیش وتم، بە جووتیاریان وتووە (کرمانج)و لەمەوە بۆ ئەوە چووبێ کە مەبەستی خانی لە وشەی (کورد) یا (کرمانج) ئەو کۆمەڵە خەڵکە نەبوە کە ئێمە ئێستا پێی ئەڵێین میللەتی کوردو، تەنها خێڵەکی یەکانی مەبەست بووە. بەڵام تەنانەت ئەگەر وایش بێ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و نابێ بە بەڵگە بۆ ئەوە کە خانی مەبەستی لە گەلێک نی یەو، قسە تەنها لە گرووپێکی ئێتنیکیی بێ سەروبەر ئەکا، وەک پێشتر بە درێژی لێی دواین.

یەکەمی دوو گیروگرفتەکەی براونێسن وتی لە خوێندنەوەی ئەو چەند بەیتەی خانی یەوە دێنە ڕێی مرۆڤ ئەوەبوو لەو چەند برگەیەی پێشووەدا گێڕامانەوەو لە سەری دواین. گیروگرفتی دووەمیشی ئەوەیە کە ئەڵێ:

**«دەگەڕێتەوە سەر تەبیعەتی دەوڵەتان. ئەودەمی بیری دەوڵەتی نەتەوایەتی هێشتا دەرنەکەوتبوو، نە لە ئاسیاو نە لە ئوورووپا، چ دەوڵەتی تورکی عـــەرەبی یان فارسی لە گۆڕێدا نەبوو، وە چ هەوڵێکیش نەدرابوو بۆ دامەزراندنی ئەوان. ئەو دەوڵەتانەی کە هەبوون لەسەر بنچینەی هەوێنی ئایینی یان پێناوداری و وەفاداری سەبارەت بە بنەماڵەیەکی پادشایی دامەزرابوون وەک سیلسیلەی عوسمانی و سەفەوی کە هەردووکیان تورک زمان بوون، بەڵام هیچ کامیان هەوڵی نەدەدا بۆ ڕاکێشانی هاوپێوەندیی ئێتنیکی تورکی. ئەو دەوڵەتانە فرە ئێتنیکی بوون و، ئەگەر ئەحمەدی خانی بیری لە شێوەیەکی دەوڵەت کردبێتەوە ئەو پادشایەکی کوردی**

**بە ئاوات خــواســتــووەو دەوڵەتەکــەی ئەو بە هیچ کلۆجێ دەوڵەتێکی نەتەوایەتی نەبوە، بەڵکو دەوڵەتێکی فرە ئێتنیکیی دیکەی لەبەرچاو بووە کە تێـیـدا (ڕووم و عـەرەب و عـەجـەم تەمـامی، جەمـیـان ژ مـە ڕا دکـر غولامی)».**

ڕاستەکەی، من هەرچەند ئازارو ژانی کاک براونێسن بەدەست ئەم چەند بەیتەی خـانـی یەوە تەمـاشـا ئەکـەم، وام بە دڵدا دێ ئەم پیـاوە بەدەست دۆگماتیزمێکی زۆر قووڵ – ڕۆچووەوە گرفتارە. ئەم برادەرە لە کتێبەکانی ئورووپادا هەل و مەرجێکی بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و بیر لە دەوڵەتی نەتەوەیی کـردنەوە خـوێندووەتەوە ئەوانەی دایانناون چاویان دوورتر لە ئورووپای پاش سەدەکـانی ناوەڕاستی نەدیوەو وایان زانیـوە لەودیوی ئەو وڵاتانەوە نە وڵاتگەلێکی تر هەن و نە مـیللەتگەلێک و نە مـێـژوویەکی کـۆنی مرۆڤایەتی کـە بۆ هەزاران سـاڵ ئەگـەڕێتـەوە. مـرۆ لـە قـسـەکـانی براونێـسنەوە وا هەست ئەکـا پێـویـست بوو خـانی باسی کـوردو تورک و عەجەم و عەرەب نەکا وەک میللەتانێکی لێک جوێ چونکە گوایە خەڵکی سـەردەمـانی پێش سـەرهەڵدانی ناسـیـۆنالـیـزم لە ئورووپا بـاسی گـەلانی خـۆیانـیـان نـەکـردووە. ئـیـتـر چـۆن ئەبێ ڕۆژهەڵاتی یەکی پاشکەوتوو باسی گـەلەکـەی خـۆی و گـەلانی دراوسـێی بکا؟ کـە ئەیشـبـینێ خـانی ئەم (پێویستی)یەی پشـتگوێ خسـتووەو باسی ئەو گەلانەی کردووە، چەندین ڕەخنەی ئیـعـتـیـرازی لێ ڕاست ئەکـاتەوە بۆ ئەوەی باسکردنەکـەی واتای ڕاسـتـەقـینەی خـۆی نەبەخـشێ. ئەمـە هەمـووی بۆ ئەوەی ئەو بنەمـا کورتبینانەی ئەو کتێبە ئورووپایی یانە دایانناون لەکەدار نەبن، بێ گوێدانە ئەوە کە ئاخۆ لەگەڵ ڕووداو بووەدا ئەگونجێن یا خێر.

کـە پاش کـەمـتـر لە دووسـەدسـاڵ لە فـەرمـانڕەواییی عـەرەب بە ناوی ئیـسـلامـەوە بەسـەر وڵاتانی نێـوان دەریای ئەتلانـتـیـک و هیندسـتـان و ئاسیای ناوەڕاستدا کە گەلانێ لەم لاو لەولای ئەم پانتایی یە بەربلاوەوە ڕائەپەڕن و لە نوێنەرانی خەلافەتی شام و بەغدا یاخی ئەبن و هەندێکیان پاش چەشـتنی ئازارو جـەزرەبەیەکی زۆر ئەتوانن دەوڵەتێ لە خـۆیان بۆ

خۆیان پێکەوە بنێن، ئەوانیش، وەک فەرمانڕەوا پێشووەکانیان، هەر موسوڵمان بوون و لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەمانخوێندووەتەوە یەکێکیان گەڕابێتەوە سەر ئایینە پێشووەکەی خۆی یا پادشایەکی لە نەوەی پادشا کۆنە لەسەر کار لابراوەکەی یا لە بنەماڵەی ئەو بۆ خۆی دەسنیشان کردبێ.

مەسەلەی دەوڵەتانی ئەو سەردەمەی کاک براونێسن لێی ئەدوێ، لە ئایین و لە وەفاداری بۆ کۆنە شازادەیەکی هیچ بەدەستەوە نەماو گەلێ بەربلاوتر بووەو مەسەلەکە تێکەڵ بووە لە گەلێ کارای جیا جیا. لەلایەکەوە دیویانە بە چەسپانی فەرمانڕەواییی نوێ هیچ بارێکی سەرشانی ئەوان سووک نەبوو. لە لایەکی تریشەوە بیریان کردووەتەوەو لە دڵی خۆیاندا وتوویانە ئێمە میللەتێکین سەدان ساڵ پادشای لە خۆمانمان بووەو هیی وایشمان هەیە نەک هەر فەرمانڕەواییی خۆی بەڵکو فەرمانڕەواییی گەلانی تریشی کردووە. کەواتە ئێستا چۆن ڕەوای هەقەو لە پای چی پادشایەکی لە خۆمان بێگانە لە دووریی سەدان ڕۆژ ڕێوە فەرمانڕەواییمان بکاو خەرج و باجی بە ڕەنجی شان و ئارەقەی ناوچاوان کۆکراوەی ئێمە بڕواتە بەردەستی ئەوو بۆ خۆی پێی ڕابوێرێ؟ ناسیۆنالیزم پەیدا بووبێ و نەبووبێ، ئەمە هەر هیچ نەبێ جۆرێکی نیشتمانپەروەری و گەلدۆستی یە با لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە تازەیەی ئەم گەلەدا چەند وردە یا گەورە گرووپی ئێتنیکیش بووبێ. تەنانەت لە جیهانی ئەمڕۆیشدا دەوڵەتی نەتەوەییی وا بە دەگمەن دەسگیر ئەبێ دانیشتووانی لە تاقە کۆمەڵێکی ئێتنیکی پێکهاتبن و گەلێ وردە گرووپی ئێتنیکیی تریان لە نێواندا نەبێ. کە ئەحمەدی خانییش بیری لە دەوڵەتێک بۆ کۆمەڵە ئێتنیکی یەکەی خۆی کردووەتەوە، بە دووچاوی سەر دیویە چۆن لەبەرئەوەی کە دەوڵەتی تایبەتیی خۆیی نەبوە، بەدەست دوو دەوڵەتی سەر بە دوو کۆمەڵی ئێتنیکیی تری ڕۆم و عەجەمەوە لە زەلالەتدا بووەو چەرمەسەرێ دراوەو لە بن پێی ئەواندا پێشێل بووەو لە خوێنی خۆیدا گەوزاوە. ئەو ئەیزانی بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەو دەوڵەتەی بۆ (مە = ئێمە)ی کوردی ئەویست، کوردن و، کەعبەیش کەچ نەئەبوو ئەگەر لەو کوردستانەی ئەو دەوڵەتەدا وردە گرووپی ئێتنیکیی فارس و تورک و

ئەرمەن و ئاسووری و عەرەب و هیی دیکەیش هەبووبن وەک لە هەموولایەکی تر بوون و هەن.

کە خانییش وتوویە ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ دەوڵەتێکی لە خۆمانمان هەبوایە خەڵکی دیکە خولامی یان بۆ ئەکردین، هەرچەند ئەوە لەگەڵ بیروبۆچوونی دیموکراتیکی ئەمڕۆی ئێمە ناگونجێ، شتێکی دوور لە مەنتیقی ئەو سەردەمەی خۆیی نەوتووە. ئەو دیویەتی گەلەکەی ساڵەهای ساڵ بووە بە کردەوە خزمەتکارو بەندەو دیلی دەستی ڕۆم و عەرەب و عەجەم بووە، بۆیە سەیر نی یە ئەگەر ئەویش بۆ تۆڵەسەندنەوە بۆ گەلەکەی هەروا بیر بکاتەوەو ئەو ئاواتە ناڕەوایەی بەسەر زماندا بێ.

لە بەشێکی تری وتارەکەیدا براونێسن لەوە دواوە کە **«کۆماری مەهاباد یەک لە چەند ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی بزووتنەوەی کوردە کە تێیدا مەم و زینی خانی چ دەوری نەگێڕا»**، بەڵام بە شان و باڵی وەرگێڕانەکەی مەم و زینی کاک هەژاری مەهابادیدا ئەڵێ. ئەمە ڕاستە. من لام وایە ئەمە بۆ چەند هۆیەک ئەگەڕێتەوە. یەکەم: کورتیی تەمەنی قۆناغی کۆمەڵەی (ژ.ک.)ی پێش کۆمارو کۆمار خۆی و دەسکورتیی کۆمارو، دووەمیش: ئەوەیە ئەو دیالێکتەی مەم و زینی پێ وتراوە لەوانە نەبوە لەو قۆناغەی تازە سەرهەڵدانی نووسین و خوێندنەوەی کوردیدا بە کرمانجیی باشوور (سۆرانی) لە کوردستانی ئێران، بە ئاسانی لەلایەن جەماوەری تازە فێرە کوردی بووی ناوچەی موکریانەوە، فام بکرێ، بەڵام شیعری حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورەی کۆیە کە درێژەپێدەری بەشێک و گەشەپێدەری بەشێکی تری بیرو بۆچوونی حاجی بووە، زۆر زوو، واتە لە ١٩٤٣دا، لەلایەن کۆمەڵەی (ژ.ک.)ەوە لە مەهاباد بڵاو کراونەتەوە. ئەمەیش نیشانەی بەرچاوڕوونی و واقیع بینیی بەرپرسانی کاری سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمەی بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردە لە مەهابادی ئەو سەردەمەدا کە شیعری ڕیفۆرمیستیی حاجی و مەلای کۆیەیان بۆ کوردی ئەو ڕۆژە لە هیی هەرکەسی تر، لەگەڵ قۆناغی سیاسی بە گونجاوتر زانیوە، چونکە لە کاتێکدا کە خانی داوای دەوڵەتی کوردی کردووەو هیچی

له بارەی بیروباوەڕی پێشکەوتخوازی نوێوە نەزانیوە، حاجی، وەک وتمان، زۆر بە وریایی یەوە ، لەگەڵ مەسەلەی دەوڵەتی نەتەوەیی مامەڵەی کردووە و پتر خۆی بە بابەتەکانی ئایینی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریی نوێوە خەریک بووەو، ڕێبازی (ژ.ک.)یش لەو قۆناغەدا هەر لەو سنوورەدا بووە.

براونێسن لە بەشێکی تری دیکەی وتارەکەیداو، لەژێر ناوونیشانی **«خانی و نەتەوەی کورد»**دا ئەڵێ: **«داخودا لە سەروبەندی خانیدا نەتەوەی کورد هەبوو؟ ئەمن پێم وا نی یە، بەلام لەوانەیە بیرورا جیاواز بن»**. ئەنجا لەسەر بابەتی (نەتەوە) ئەڕوا لە ڕووی تیووری یەوەو ئەڵێ: **«لە نێو مێژوونووسە ئورووپایی یەکانیشدا ئێمە بیروبۆچوونی زۆر جیاواز سەبارەت بە سەر هەڵهێنان و دەرکەوتنی یەکەم نەتەوەکانی ئورووپایی دەبینین. هێندیک لە مێژوو نووسە کۆنترەکان بۆ نموونە: مارک بلوخ (Marc Bloch) ئیددیعایان کرد کە فەرانسەیی و ئالمانی یەکان تا ساڵی ١١٠٠ بیوون بە نەتەوە. لە کاتێکدا مێژوونووسی دیکە وەکو (یوهان هویزینگا (Johan Huizinga) لەو بڕوایەدا بوون کە ئەوە تا بەر لە سەدەی چواردەهەم ڕووی نەدا. مێژوونووسێکی زۆر تازەتر ئوژین ویبر (Eugene Weber) نیشانی داوە کە تەنانەت تا ساڵی ١٩٠٠یش فەرانسەیی یەکان هێشتا یەک نەتەوە نەبوون. زۆر لە وەرزێرە فەرانسەیی یەکان ئەودەمی خۆیان بە فەرانسەیی دانەدەنا، بەڵکو خۆیان بە لادێ یان هەرێمەکانی خۆیانەوە دەبەستەوەو پێناسە دەکرد. تەنێ بە ڕێگەی خوێندنی بە کۆمەڵ، خزمەتی گشتیی سەربازی و بلاوکراوەی ڕادیۆیی سەرانسەرییەوە بوو، واتە بە ڕێگەی هەوڵ و تێکۆشانی زۆری دەوڵەت کە وەرزێران لە نێو نەتەوەدا جێیان کرایەوەو وەخۆ کران»**.

براونێسن هەروا لەسەری ئەڕواو ئەڵێ: **«هێندێک لە نووسەرانی نوێیاو کە لەسەر بابەتی ناسیۆنالیزمیان نووسیوە، بەتایبەتی ئاندرسۆن (anderson)و گێلنێر (Gellner)، پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە ناسیۆنالیزم و دەرکەوتنی نەتەوە مودێرنەکان بەرێژە دیاردەی تازەن. گێلنێر ئەوە بە دەستپێکردنی سەنعاتی بوون و کۆچکردن لە لادێ بۆ شارەکان**

**دەبەستێتەوە. ئاندرسۆن پەیدابوونی کتێب چاپکردن و ئەوەی کە ئەو پێی دەڵێ «سەرمایەداریی چاپ» بە[ دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم] دادەنێ. بۆ هەردوکیان ئەوە شکانی لەمپەری تەقلیدیی نێوان جڤاتی لادێ و ناوچەییەکانە کە ناسیۆنالیزم دەلوێنێ».**

ئێمە لە سەرەتای ئەم باسەدا ئیشارەتێکمان بۆ ئەوە کرد کە لە شناسایی کردنی ئیستیلاحە کۆمەلایەتی - سیاسی یەکاندا، کە (نەتەوە)یش یەکێکی پڕ بایەخیانە، جیاوازی یەکی زۆر لە بیروبۆچوونی پسپۆڕە ئورووپایی یەکاندا هەیەو، ڕەخنەی ئەوەمان لە براونیسن گرت کە بیروبۆچوونی خۆی لەم بارەوە دەستنیشان نەکردووە تا بزانین ئەو چیی لا ڕاستەو بیروڕای خۆی لەسەر بنەمای چ شناسایی یەک دەرئەبڕێ. ئەم مەسەلەیە لێرەیشدا دیسانەوە خۆی دێنێتەوە ئاراوەو نازانین نەتەوە لای ئەو چی یەو لە هێنانەوەی بیروبۆچوونی کۆمەڵێ پسپۆڕی بابەتەکەدا ئەو کامەیانی لا پەسەندەو لەسەری ئەڕوا؟ کە وتیشی پێم وایە کورد لەسەروبەندی خانیدا نەتەوە نەبوە، وەک نەیوت نەتەوە لای ئەو چی یە، نەیشیوت بۆچی پێی وایە کورد لەو سەردەمەدا نەتەوە نەبوە. بەڵام ئەوەی من لە تێکڕای ئەم قسانەوە بۆی ئەچم ئەوەیە ئەو نەتەوەیەی براونیسن باسی لێ ئەکا زۆری جیایە لەو نەتەوەیەی ئێمە میللەتی کوردی پێ وەسپ ئەکەین. وەک من تێی ئەگەم نەتەوە لای براونیسن بەدانیشتووانی وڵاتێکی دەوڵەتدار ئەوترێ بێ گوێدانە جیاوازیی زمانیان لە ناو خۆیاندا هەست بە پێوەندی و یەکێتی یەکی نیشتمانیی ئەوتۆ بکەن بە ساڵەهای ساڵ پێکهاتبێ و هێزێ نەبێ بتوانێ بە ئاسانی لێکیان بکاتەوەو، ئەم جۆرە نەتەوەیە پێوەندی بە بوونی دەوڵەتێکی مۆدێرنی پێشکەوتووەوە هەیە بتوانێ هەموو جۆرە خزمەتێکی دەست پێگەیشتوو بۆ دانیشتووانی وڵاتەکەی وەبەرهەم بهێنێ. من وای بۆ ئەچم دەوڵەتی وا ئەگەر بیشبێ تەنها بۆ ماوەیەکە چونکە سەرمایەداری هەرچەند ئێستا وا دەرئەکەوێ دەستی بەسەر ناکۆکی یە کۆمەلایەتی یەکانی ناو چینەکانی نەتەوەداگرتووەو ناهێلێ بتەقنەوە، مادەم وەک سیستەمێکی کۆمەلایەتی بمێنێ و دەسەلاتی حوکمڕانی هەر بەدەست خۆیەوە بێ و تەوژمی جەماوەری

بنەوە نەیتوانیبێ خواستە جۆربەجۆرەکانی خۆیی بەسەردا بسەپێنێ، ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو بەناو نەتەوەیە لە ناو خـــۆیدا ئەبێ درزی تێ بکەوێ و هەڵوەشێتەوە. کە ئەوەیش ڕووی دا ئەو نەتەوەیەی ئێستا هەیە وەک خۆی نامێنێ و ئەبێ بە جۆرێکی تر پێکبێتەوەو یەکێتی یەکی تازەو نەتەوەیەکی نوێ لەناو ئەو کۆمەڵەدا بێتەسەر ڕووی کار. ڕەنگ بێ لێنینیش هەر ئەم جۆرە نەتەوەیەی مەبەست بووبێ کە باسی کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی بەریتانیای کردووە کە خۆی تێیدا ژیاوەو وتوویەتی: «دوو نەتەوەن»، واتە: نەتەوەیەکی خوێنمژو نەتەوەیەکی خوێن مژراو.

ئەگەر ئەم بۆچوونەی من لە جێی خۆیدا بێ ناکۆکیی نێوان من و کاک مارتین ڤان براونێسن لەم بارەوە، ئەبێ بەناکۆکی یەکی بێ جێ، چونکە هەر یەکەمان لە شتێکی جیاواز لەوەی ئەومان ئەدوێ. من کە ئێستیلاحی (نەتەوە) بەکاردێنم، وەک پێشتریش ئیشارەتم بۆ کرد، بەر لە هەرچی زمانی تێکەڵ و خاکی تێکەڵم مەبەستە، ئەنجا دێمە سەر داب و نەریت و خووڕەوشتی تێکەڵ یا پێکهاتنی دەروونیی تێکەڵ و ئابووریی تێکەڵ کە بێگومان ئەمەی دوایی یان بێ دەوڵەتی یەکگرتووی ئەو نەتەوەیە یان ئەو بەشەی ئەو نەتەوەیە نایەتەدی.

لە (نەتەوە)کەی بەمەعنای براونێسندا تەنها دوو مەرج لەم چوار مەرجە، مەرجن، کە خاک ئابووریی تێکەڵن و بەهۆی دەوڵەتی یەکگرتووەوە هاتوونەتە دی. بەم پێ یە لای براونێسن وای لێ دێتەوە نەتەوەو دەوڵەتی مۆدێرن دوو ڕووی دراوێ بن. ئێمەی کورد، تێکڕا، لەگەڵ جیاوازیی بیروباوەڕی سیاسییشماندا، کە شناساییی نەتەوە ئەکەین دێینەوە سەر شناسایی یەکەی مارکسیزم کە لە ڕێگای ستالینەوە پێمان گەیشتووە کە چوار مەرجە باسکراوەکەی بە پێویست زانیوەو پێ تەنها لەسەر ئابووریی تێکەڵ داناگرین چونکە نیمانەو نایشمانەوێ لەبەر نەبوونی گەلەکەمان بە نەتەوە دانەنێین.

لەگەڵ ئەم گشتە بیروباوەڕە جۆربەجۆرانەی پسپۆڕان و زانایانی جیهانی سەرمایەداریدا لە بارەی ناسیۆنالیزم و نەتەوەوە کە براونێسن تەنها

چەردەیەکی کەمی لێ گێڕانەوە بۆمان، چی هەیە کەسێ وا لێ بکا خۆی بە ناچاری بە یەکێکیانەوە ببەستێتەوەو ئەمانی تریان پشتگوێ بخا؟ من لام وایە تاقە شتێ لەم بوارەدا تەنها مەنتیقی یەتی بۆچوونەکەیە. هەر لەم ڕووانگەیەوە من لام وایە ڕاستترین شناسنامەیەکی نەتەوە ئەوەی مارکسیزمە کە زمان و خاک و پێکهاتنی دەروونیی یەکگرتوو و ئابووریی یەکگرتوو یا بنەماکانی ئابووریی یەکگرتووی تێدا کۆبووبێتەوە. هەر بەم پێ یەو، لەبەر ئەوەی کە گەلی کورد لە مێژە زمان و خاک و پێکهاتنی دەروونیی تێکەلی هەیەو سیان لە مەرجە سەرەکی یەکانی نەتەوەی تێدا بووەو، بە پێشکەوتنی ڕۆژگارو گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی و ئاگاداربوونی لە ژێر دەستەیی و ستەملێکراویی خۆی ناسیۆنالیزمی تێدا بەرەو پێگەیشتن ڕۆیشتووەو، هەرچەند ئێستایش ئابووریی تێکەلی نی یە چونکە دەولەتی نە یەکگرتوو و نە یەکنەگرتووی خۆی نی یە، لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانەوەو، لە ڕێگای بەسرانی کوردستانەوە بە بازاڕی سەرمایەداری و بلاو بوونەوەی خوێندەواری و سنعاتی نوێ و دەست گەیشتن بە چاپخانەو گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب و ڕادیۆو بەشداری کردنی توێژالەکانی ناوەڕاست و بنەوەی کۆمەل لە ژیانی سیاسیداو کزبوونی ڕۆلی چینە مفتەخۆرەکانەوە وردە وردە (نەتەوەی کورد) بە واتای نوێی پەیدابووەو زەق لەبەردەمی جیهانی سەردەمدا ڕاست بووەتەوە بۆ داوای مافی زەوتکراوی خۆی و، سەرەنجامیش ئەگاتە داخوازیی سەرەکیی خۆی کە دیاری کردنی چارەنووس و پێکەوەنانی دەولەتێکی نەتەوەییی یەکگرتوو یا چەند دەولەتی نەتەوەیی یە.

هەر لەم بەشەدا براونێسن، پاش گێڕانەوەی بۆچوونێکی بەجێی هەندێ لە مێژوونووسان لەبارەی پێوەندی پێکهاتنی نەتەوەو ناسیۆنالیزمەوە لەگەل یەکانگیربوون و کەوتنە پال یەکی چینە کۆمەلایەتی یە جۆربەجۆرەکان و ڕێ تێچوونی سەرهەلدانی وشیاریی نەتەوەیی لە سەرەتاوە لای چینە ژووروەکانی کۆمەل، ئەلێ: **«لە دەستپێکی ئەم سەدەیەدا گرووپێکی بچووکی ناسیۆنالیستی کورد هەبوون، زۆربەی ئەوان ئەندامی بنەمالە ئاریستۆکراتەکان بوون کە لە ئەستەنبول و تەنانەت**

**دەرەوەی وڵات خوێندبوویان و کەوتبوونە بەر تەئسیری بیروبڕوای ئوورووپایی. وەک یەک لەوان قەدریی جەمیل پاشا لە بیرەوەری یەکانیدا دەنووسێ: لە ماوەی شەڕدا ئەوان هەوڵیان دا لە نێو سەرۆک عەشیرەتە کوردەکاندا پشتیوانی بۆ ئاواتە ناسیۆنالیستی یەکانیان پەیداکەن، بەڵام چاوی ڕەشیان کاڵ بووەوە چونکو بیری نەتەوەیەکی کورد چ مانایەکی بۆ ئاغاکان نەبوو، چ دەگا بە ڕەشووڕووتی عەشیرەتی و وەرزێران».**

بۆچی بیری (نەتەوەیەکی کورد) چ مانایەکی بۆ ئاغاکان نەبوو؟ کەس ئەتوانێ ئینکاری ئەو ڕاستی یە بکا کە ئاغا (وشێخ و مەلا) تا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئازادیبەخشی نەتەوەیی نوێباوی کورد پێشڕەوی بەشی هەرە زۆری ڕاپەڕینەکانی کورد بوون و، کەسیش ئەتوانێ ئینکاری ئەو ڕاستی یەی تر بکا کە ئەو بزووتنەوانە بە هەرحاڵ واتایەکی ئازادیبەخشی و نەتەوەیی یان تێدا بووە؟ لە حاڵی وادا، ئەی بۆچی ئاغاواتی کوردستان کەسیان بەدەنگ، داوای قەدری پاشاو هەڤاڵەکانیانەوە نەهاتن، [هەرچەند منیش لەوە بە گومانم کە ئەم حوکمەی قەدری پاشا بەسەریاندا ئەدا هەموویان بگرێتەوە، چونکە تەنانەت پاشتریش ئاغاو شێخ و مەلا سەرکردەیی چەند ڕاپەڕینی کوردیان کردووە]؟ من لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەڵێم: ئەمەی قەدری پاشای ڕەحمەتی ئەیگێڕێتەوە نیشانەی ئەوە نی یە ناسیۆنالیزمی کورد لەو سەردەمەدا پەیدا نەبووبوو بۆیە ئاغاکان پشتیوانی یان لە ئاواتە ناسیۆنالیستی یەکانی ئەوو هاوڕێکانی نە ئەکرد، بەڵکو، بە پێچەوانەوە، نیشانەی قۆناغێکی پێشکەوتووتری ناسیۆنالیزمە کە بزووتنەوەی کورد کەم تا زۆر کەوتبوە دەست توێژاڵی ڕۆشنبیرانی کۆمەڵ و، ئاغەکان کە تا ڕادەیەکی باش ئاگایان لە بیروباوەڕی پێشکەوتخوازی ناو ئوورووپاو دەوڵەتی عوسمانی و یەکدگیربوونی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیبەخشی گەلانی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، هەستی چینایەتی یان بە شێوەکی وشیارانە بزووتبوو، بۆیە خۆیان زیاتر بە پشتیوانی دەوڵەتی کۆنەپەرست و ستەمکاری عوسمانی ئەزانی تا هیی بزووتنەوەی ئازادیبەخشی نەتەوەکەیان. هەرچی ئەوەیشە کە قەدری پاشاو هاوڕێکانی کە لە ئاغاکان نائومێد بوون و،

لەوەوە لە جووتیارەکانیش نائومێد بوون، گوایە چونکە مادام ئاغا بە ئاغایەتیی خۆیەوە کوردایەتی نەکا، جووتیار ئەبێ کەلکی چیی پێوە بووبێ داوای کوردایەتی کردنی لێ بکرێ، ئەوەیش نیشانەی ئەوەیە کە ڕۆشنبیرەکان خۆیشیان - کە زۆرتریان ڕۆڵەی چینە ئاریستۆکراتەکان بوون، لەو قۆناغەدا لە ئاستێکدا نەبوون بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی بشێن، ئەگینا ئەوەندەیان تێگەیشتن ئەبوو بزانن لەشکری بزووتنەوەی نەتەوەیی لەو قۆناغەدا جووتیاران بوون و، ئەبوو خۆیانیان لەگەڵ ماندوو بکردنایە تا هوشیاریان بکەنەوەو ئەو ئەرکەی سەرشانیان جێ بەجێ بکەن و ڕایانکێشنە ناو کۆڕی خەباتەوە، نەک هەر بە بەشداری نەکردنی ئاغاکان لە خەباتدا ورە بەردەن و لایەکێش بە لای جووتیارانی لادێ و خێڵەکی یەکاندا نەکەنەوە، ئەگینا ئەی بەخێریەت بە تەمای چی بوون و شۆڕشیان بە پشتیوانیی کێ و بۆ سوودی کێ ئەکرد؟ ناشێ هەر ئەوەندە لە کوردایەتی گەیشتبن چوار ئاغا ڕاکێشنە پاڵ خۆیان و ئەوانیش عەشرەتەکانیان، بێ ئەوەی هیچیان بۆ باس کردبن و تێگەیاندبن، وەک ڕانەمەڕ بدەنە بەرو بی یانکەن بە سووتەمەنیی شۆڕشە کاڵ و کرچەکەیان؟ ئەگەر جووتیارو خێڵەکیی کورد بۆ ئەوە نەشیابن پشتیان بۆ شۆڕش پێ ببەسترێ و ڕاکێشرێنە کۆڕی خەباتەوە، ئەی لەشکری شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی شێخ عوبەیدوڵڵاو بەدرخان و عیززەددین شێرو و شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشەکانی لەوە پاشی دەرسیم و ئارارات و، شۆڕشەکانی شێخ مەحموودو سمایل خانی شوکاک و شێخانی بارزان کێ بوون؟ هەموو کورد نەبوون لە جووتیاران و خێڵەکی و تا ڕادەیەکیش کاسبکارانی شاران؟ هەرچی ئەوەیشە کە براونێسن لە داوێنی قسەکانی قەدریی جەمیل پاشاوە ئەڵێ: **«ئەمن بۆ خۆم گومان لەوە دەکەم کە ئەوان** (واتە قەدریی جەمیل پاشاو هەڤاڵەکانی-م) **خۆشیان وەرزێرانیان بە کورد دانابێ»** ئەوە هەر بۆچوونەکەی خۆیەتی کە جووتیار بە کورد دانەنراون و پێشتریش زۆری لەسەر ڕۆیی و لێرەیشدا لەسەر قەدریی جەمیل پاشاو هاوڕێکانیی ئەکا بە ماڵ، ئەگینا بەعەقڵی کێ ڕەوایە پاش ٢٢٥ ساڵ لە نووسینی مەم و زینی

خانی، توێژاڵی ڕۆشنبیری کوردی تازە سەرهەڵداوی لە ئورووپا خوێندووی بەر تەئسیری بیروبڕوای ئورووپایی کەوتوو، وەک خەڵکی سەردەمی پێش چەرخی خانی بیر بکاتەوەو، کورد لە قاوغی خێڵەکاندا گیر بکاو جووتیار بە کورد نەزانێ - ئەگەر ڕاست بێ خەڵکی لەو سەردەمەدا وا بیریان کردبێتەوە- ؟

براونێسن دوایی ئەم بەشەی وتارەکەی بەم چەند دێڕە دێنێ: **«ئەگەر ئێمە چەندین سەدە بگەڕێینەوە دواوە، دەکرێ بپرسین ئەحمەدی خانی ئەودەمەی باسی «کورد»و«کرمانج» دەکا بیری لە چی و لە کێ کردووتەوەو، داخودا خانی وەک نەتەوەیەک بیری لەوان کردووەتەوە؟ ئەمن لەو باوەڕەدا نیم کە ئەوە ئەو نێوانەی هەر بەم مانایەی کە ئێستا لێیان دەخوێندرێتەوە بەکارهێنابێ. ئەمن تەقریبەن لێم سوورە کە ئەو وەرزێرانی ناعەشیرەتیی بە کورد دانەناوەو، هەر وەک پێشتر گوترا، ئەو زاراوە سیاسییانەی خانی بەکاری هێناون وەکو «میلەل» (کۆی وشەی «میللەت») ئەو دەمی مانایەکی دیکەی هەبوە لە چاو مانای ئێستای. بە لێکدانەوەی نێوو زاراوان لە مەم و زیندا بەوجۆرەی کە ئەوان هەمیشە ئەو مانایانەیان هەبووبێ کە ئەمڕۆ هەیانە، ڕەنگە ئێمە بە خراپ لەو قسانە بگەین کە مەبەستی ڕاستەقینەی خانی بووە».**

لە ئاستی ئەم چەند بیروبۆچوونەی براونێسندا بە پێویستی ئەزانم بڵێم: بەش بە حاڵی وشەی (کورد) گومان لەوەدا نی یە چ ئێستاو چ سەردەمی خانی و چ پێش خانی و، لای کەمی تا پاش داگیرکرانی کوردستان لەلایەن لەشکری عەرەبە موسوڵمانەکانەوە، ئەم وشەیە بە مانای کۆمەڵە خەڵکێ بەکارهێنراوە بە زمانێکی تایبەتی ئەدون پێی ئەوترێ (کوردی)و، لە وڵاتێکی تایبەتیدا ئەژین لەسەردەمی سەلجووقییەکانەوە ناوی (کوردستان)ی لێ نراوەو، پێشتریش لەسەرچاوە عەرەبییەکاندا بە (اقلیم الجبال) واتە (وڵاتی چیا) ناسراوە. هەرچی وشەی (کرمانج)یشە، خانی خۆی لە سەرەتای مەم و زینەکەیدا نۆ جاری بە واتای (کورد) بەکار هێناوە، وەک دووجار (ئەکْراد)ی کۆی (کورد)و جارێکیش (کوردی)ی

بەکـارهێناوە. هەروا لەسـەرەتای (نۆبەهارا بچـووکـان)یشـیـدا وشـەی (کـرمـانج)ی بۆ گـەیاندنی واتای (کـورد) بەکـارهێناوە: «ئەڤ چەند کەلیمەنە ژ لوغاتان، ڤێک ئێخستن ئەحمەدێ خانی، ناڤێ (نۆبەهارا بچـووکـان) دانێ، نە ژ بـۆ سـاحـێب ڕەواجـان، بەلکی ژ بۆ بچـووکـێن کورمانجان [٢٦]».

لە هەموو ئەم بەکارهێنانانەدا (کرمانج)و (ئەکراد)و (کوردی) هەموو هەر یەک واتا ئەگەیەنن کـە ئەو کـۆمـەڵە خـەڵکەیە بە کـوردی ئەدوێن و دووجاریش شوێنی کرمانجەکان دەستنیشان کراوە کە ئەوەتە لەم لاو لەولای ڕۆم و عـەجـەمـدان و، لە نێـوانی ئەواندا لە خـوێنی خۆیاندا ئەگـەوزێن. کـەواتە پرسـیـارەکەی براونێسن لە شـوێنی خۆیدا نی یەو، بێ بەڵگە لەو باوەڕەدا نـیـیـە کـە خـانی ناوی (کـورد)و (کـرمـانج)ی هەر بەو مـانـایە بەکـارهێناوە ئێـسـتـا لێـیـان ئەخـوێنرێتـەوە. ئەوی سـەرەتای مـەم وزین بخـوێنێتـەوە ئەزانێ ئەحـمـەدی خـانی لەو سەردەمەدا کە باسی (کـورد)و (کرمانج)ی کردووە بیری لە کێ کردووەتەوەو دڵنیا ئەبێ باسی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کردووە (کورد)یش و (کرمانج)یشیان پێ ئەوترێ و بە (کوردی) ئەدوێن و لە (کوردستان)دا نیشتەجێن. هەروا لە خۆیشیەوە «تەقریبەن لای سووره» کـە خـانی وەرزێرانی ناعـەشـیـرەتیی بە کـورد دانەناوە. چۆن لێی سـووره؟ نازانم! هیچ بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراوی پیـشـان نەداوەو، تا بەڵگەیەکی باوەڕپێکراویش پیشان نەدرێ وابگەیەنێ لەسەردەمی خانیدا بە وەرزێرانی ناعـەشـیـرەتی نەوتراوە (کـورد)، قـسـەکـەی هەروا بێ بەڵگە ئەمێنێتـەوەو لە خۆی بەولاوە بڕناکاو لای خۆی زیاتر متـمانەی پێ ناکرێ. ئەنجا ئەگـەر ئەو ئەم مـەسـەلەی لا (سـووره)، چۆن چۆنی (تەقـریبـەن)ەو، ئەگـەر (تەقریبەن)ە، چۆن چۆنی لای (سووره)؟ (سـووری) و(تەقریبـەن) زۆر لە یەکەوە دوورن!

---

[٢٦] بڕوانەرە: نوبهـارا بچـوکـان، تألیـف الأدیب والشـاعـر الکردي أحـمـد خـانـي، حققه وعلق علیـه وقدم لـه حـمدي عـبـدالمجید السلفي، بغداد، مطبعة الرشید، ١٩٩٠، ص ١١.

هەرچی ئەوەیشــە ئاخــۆ خــانی وەک نەتەوەیەک بیــری لەم (کــورد)و (کرمـانج)انە کـردووەتەوە، ئەگـەر ئەو وشـەیەی براونێـسن لە تێکســتی باسـەکـەیدا بەکـاری هێناوە دەق ئەو واتایە بگەیەنێ کـە واتای سـیـاسـیی ئەمڕۆی ئیـسـتـیـلاحی (نەتەوە)ی کوردی یە، بێگومان ناتوانین بە تەواوی بلــێین: بەڵێ، بەڵام لێــیـشــیــەوە دوور نی یە، چونکە وەک کـۆمــەڵە خەڵکێکی بە کوردی دووی لە کوردستاندا دانیشتووی نێوان ڕۆم و عەجەم کەوتووی ژێردەستەی ئەوان بیری لێ کردوونەتەوە.

دێینەوە سـەر مەسـەلەی ئەو ئیـسـتـیـلاحە سـیـاسی یانەی خانی بەکـاری هێناون وەک (مـیلەل)ی کـۆی (مـیللەت) کـە براونێـسن ئەڵێ ئەودەمی مـانای دیکەی هەبوە لە چاو مـانای ئێـسـتـایدا، کـە دیارە ئەبێ ئەو مـانایە مانا ئەسڵی یەکەی بووبێ یا مانایەکی تری قۆناغێکی تازەتر لە قۆناغی مــانا ئەســڵی یەکــەی و بۆی دیاری نەکــردووین چی یە. براونێــسن لەو ئیستیلاحە سیاسی یانە تەنها نموونەی (میلەل)ی هێناوەتەوە. بۆیە منیش هەر لەم وشـەیە ئەدوم. من ئیـسـتـیـلاحی سـیـاسـیی ترم لەسەرەتای مەم و زیندا نەدی مـەگـەر بلـێین (کـورد)و (عـەرەب)و (ڕۆم)و (عـەجـەم)و (تورک)و (تـاجـیـک)و(تـاج)و(تەخت)و (کـولاە)و (پادشـاە)و ئەوجـۆرە وشـانەی مـەبەست بووەو بە ئیـسـتـیـلاحی سـیـاسـیی داناون کـە لام وایە ئەوەیش دوورەو، بەهەرحاڵ ئەبێ براونێسن خۆی ئەمە ڕوون بکاتەوە.

جا چونکە براونێسن هیچ مەعنایەکی تری بۆ (میلەل - میللەت) دیاری نەکردووە کە لە سەردەمی خانیدا ئەو وشەیەی بۆ بەکارهێنرابێ و، ئێمەیش لە مـەعناکـانی ئێـسـتـای و مـەعنا ئەسڵی یەکـەی بەولاوە ئاگـامـان لە مەعنایەکی تری نی یە، لێرەدا لەم مەعنایەی ئەدوێین.

خانی وشەی (میلەل)ی کۆی (میللەت)ی لەسەرەتای مەم و زینەکەیدا بۆ بەراورد کردن لەگەڵ کورد بەکارهێناوە:

ئـەنواعـی مـــــیلـەل خـــــودان کـــــتـــــێبن
کـــــورمـــــانج تنـێ د بـێ حـــــســـــێبن (٢٧)

---

(٢٧) بڕوانەرە: ئەحمەدی خانی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٥.

حاجی قادری کۆییش هەمان وشەی هەروا وەک خانی بەکارهێناوە:

ئەنواعی میلەل لە گەورە تا چووک
خەملیوە مەمالیکی وەکوو بووک (٢٨)

ئەم وشەیە کە لە عەرەبی یەوە هاتووەتە کوردی و زمانەکانی تری گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، لە بنەڕەتدا بە واتای ئایین بووە، پاشان وای لێ هاتووە بووە بە مەعنای کۆمەڵێ خەڵکی لە یەک ڕەگەز کە وڵاتێکی خۆیانیان هەبێ. هەروا بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی دانیشتووی یەکەیەکی جیۆگرافیایی سیاسییش، با لەیەک ڕەگەزیش نەبن، بەکاردێ، وەک ئەوە ئەمڕۆ ئەوترێ (میللەتی عێراق). جا ئەگەر مەبەستی براونێسن ئەوەبێ بڵێ خانی وشەی (میلەل)ی لەسەرەتای مەم و زینەکەیدا بۆ واتا ئەسڵی یەکەی بەکارهێناوە کە ئایینە، ئێمە بە دڵنیایی یەوە ئەڵێین وانییە، چونکە ئەگەر بۆ ئەو مەعنایەی بەکارهێنابێ بەکارهێنانێکی بێ جێ یە، لەبەرئەوە کە مەعنای بەیتەکە وای لێ دێتەوە: جۆرەها ئایین کتێبی تایبەتیی خۆیانیان هەیە، ئایینی ئیسلام قورئان و، ئایینی مەسیحی ئینجیل و، ئایینی جوولەکان تەورات و.. تاد. هەر ئایینی کرمانج کتێبی خوایی خۆی نی یە. بە پێی ئەم مەعنایە کورد لە ناوی کۆمەڵێ خەڵکی یەک زمانەوە ئەبێ بە ناوی ئایینێک لە شانی ئایینەکانی ترداو، دیارە ئەمەیش مەبەست نی یەو قسەیەکی بێ مەعنایەو تا ئێستا کەس شتێکی وای نەوتووە چونکە شتێک نی یە پێی بووترێ ئایینی کرمانج. کەواتە با بە گریمان بڵێین (میللەت) لە واتای ئایینەوە خوازراوە بۆ پەیڕەوان و شوێن کەوتووانی ئایین. لەم حاڵەدا مەعنای بەیتەکە وای لێ دێتەوە: پەیڕەوانی هەر ئایینێ کتێبی تایبەتیی خۆیانیان هەیە کورد نەبێ. ئەمەیش هەر ڕاست نی یە چونکە کورد هەموو پەیڕەوی یەک ئایین نین کە کەسی تری پەیڕەو نەبێ تا کتێبی تایبەتیی خۆیانیان بێ. کورد زۆرتریان

(٢٨) بڕوانەرە: دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی مەسعوود محەممەد، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەغدا، [چاپخانەی دار ئافاق عەرەبییە] ١٩٨٦، لاپەڕە ١٩٩.

موسوڵمانن و موسوڵمانانیش هەموویان کتێبی تایبەتیی خۆیانیان هەیە. هەروا کوردە گاورەکان لەگەڵ هەموو گاورانداو، کوردە جوولەکان لەگەڵ هەموو جووداو، کوردە زەردەشتی یەکان لەگەڵ هەموو زەردەشتییانداو، کوردە ئێزیدییەکان لەگەڵ هەموو ئێزیدییاندا (٢٩)، هەر کۆمەڵێ لەمانە، لەگەڵ پەیرەوانی تری ئەو ئایینەی ئەیپەرستن، کتێبی تایبەتیی ئەو ئایینەیان هەیە. خۆ ئەگەر بیشوترێ مەبەست لە (کتێب) کتێبی ئایینی نییە، کتێبی ترەو واتای بەیتەکە ئەوەیە پەیرەوانی هەر ئایینێ کتێبی خۆیانیان هەیە بۆ خوێندن و نووسین تەنها کورد نەبێ، ئەوە لەو حاڵەدا تەنها واتای نوێباوی میللەتمان لە دەست ئەچێ و ناسیۆنالیزمەکەی خانی بەجۆرێکی تر سەر هەڵئەدا کە ئەوەتە ئەیەوێ گرووپی ئایینیی کورد کتێبی خوێندن و نووسینیان بە زمانی خۆیان ببێ و، بەم پێ یە براونێسن بۆ ئەوەی دان بەوەدا نەنێ کە کورد میللەتێکن کەوتە هەڵەیەکی گەلێ گەورەترەوە کە ئەوەیە کردنی بە گرووپێکی ئایینیی خاوەن زمانێکی تایبەتی و سەرلەنوێ مەسەلەی نەتەوەیەتیی کورد بە خاسیەتێکی زیاتریشەوە دێتەوە ئاراوە!

ئەم لێکدانەوانە هەموو لەسەر بنەمای ئەو هەڵە زلە بوون کە مامۆستا مارتین ڤان براونێسنی تێکەوتووەو هاتووە بۆ ئەوەی بە زۆری زۆرداری پێمانی بسەلمێنێ کە خانی ناسیۆنالیست نەبوەو کوردی بە میللەت نەزانیوەو بەڵکو تەنانەت ئەو واتایەیشی هەر لە بنەڕەتدا نەزانیوە کە ئەمڕۆ وشەی (میللەت)ی بۆ بەکارئەهێنرێ، وتی: میللەت لە سەردەمی ئەودا واتایەکی تری هەبوە کە مادەم باسی نەکرد چی یە ئەبێ تەنها واتا ئەسڵی یەکەی بێ کە ئایینە، بەڵام هەر مرۆیەکی سادە چاوێکی سەرپێیی بە سەرەتای مە م و زینەکەی خانیدا بگێڕێ دەستبەجێ تێ ئەگا ئەم بۆچوونە دوورو ئەقڵ نەبڕیوانەی براونێسن هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەیان نی یەو ناگەنە هیچ ئەنجامێکی ڕاست و دروست.

دوابڕگەی ئەم باسەی براونێسن کە ئەمەوێ چەند دێڕێکی لەسەر بنووسم

---

(٢٩) ئەگەر ئێزیدیی وا هەبێ کورد نەبێ و لە میللەتێکی تر بێ، نازانم!

ئەوەیە کە ئەڵێ: **«لە ئەدەبی دەوڵەمەنددا ئەوە بە میرات ماوەتەوە کە هەر وەچەی خوێنەرەوان بتوانن ماناو واتای نوێی تێدا بدۆزنەوە، ماناو واتای ئەوتۆ کە نووسەری شوێنەوارەکە بۆخۆی لەوانەیە هەر هەستیشی پێ نەکردبێ»**.

ئەمە ڕاوبۆچوونی براونێسنەو، منیش لێتانی ناشارمەوە لام دوور نی یە مەبەستی ئەو برادەرە ئەوەبێ مەم و زین بەوە بکا بە بەرهەمێکی بە درۆ دەوڵەمەندی ئەدەبی کە ئێمەی ڕۆڵەی وەچەی ئەم چەرخە ئەم واتا گەلە نوێباوانە بۆ وشەکانی ئەدۆزینەوەو خانی یان پێ ئەکەین بە بەکەمین هەڵگری ئالای کوردایەتی لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئەگینا ئەم واتایانەی ئێمە ئەیانکەین بە بەری هەندێ وشەی مەم و زینەکەیدا ئەو هەر بە خەیاڵیشیدا نەهاتوون و هیچی لێ نەزانیون. ئەو کەی کوردی وەک میللەتێک ناسیوە، بەڵکو کەی واتای میللەتیشی زانیوە، کە وشەی میللەتی، وەک لە سەرەتای ئیسلامەتیدا، بە ئایین مەعنا لێداوەتەوەو، کەی کوردو کرمانجی وەک ناوی ئەم میللەتە بەکارهێناوە، لە کاتێکدا کە وەرزێری ناعەشیرەتیی بە کورد نەزانیوەو، کەی و .. کەی ...

من لە کاتێکدا کە ئەڵێم ئێمە هیچ واتایەکی نوێباومان نەکردووە بەبەری تێکستێکی کۆن مەشرەبی خانیداو، هەرچیمان داوەتە پاڵی، بۆ خۆی بە زمانێکی کوردیی ڕەوان وتوویەتی و واتای دەقی شیعرەکانیەتی، بە پێویستی ئەزانم بڵێم باش نی یە مرۆ لە خۆیەوە بەدگومان بێ، بەڵام ئەگەر من نیشانم پێکابێ و دەرکم بە ڕازی ڕاستەقینەی براونێسن لەم قسانەی کردبێ، ئەوا خۆم بە ناچار ئەزانم بڵێم سووکایەتی یەکی گەورەو گرانی بە ئەدەبی کوردو بە بزووتنەوەی ئازادیبەخشی نەتەوەییی کوردو بە حەزرەتی خانی و بە یادی پیرۆزی لە کۆڕی بیرەوەریی سێسەدساڵەیدا کردووە. ساخوا بکا وا نەبێ و، ئەم برگەی دوایی یەی وانەگەیەنێ و، من بەهەڵەدا چووبم.

ئەنجا با بێینە سەر لێدوانی بۆچوونەکەی:

پێویستی سەرشانی لێکۆڵەرەوەیە لە بارودۆخی ڕۆشنبیری و سیاسی و

کۆمەڵایەتیی سەردەمی هێنانە بەرهەمی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری بکۆڵێتەوەو باش شارەزای ببێ و لەبەر ڕووناکیی ئەو شارەزاییەیدا بەرهەمەکە لێکبداتەوەو واتای دەربخاو بیخاتە بەردەستی خوێنەرەوان. دیارە ئەمەیش کارێ نییە بە یەکجار بکرێ و ببڕێتەوەو ڕێی تێ ئەچێ وەچەیەکی پاشتر بە تێدا هاتنەدیی مەرجەکانی پێشووی لێکۆڵینەوە، لە چەرخێکی دواتردا، باشتر لە نەوەی چەرخەکانی پێشوو لە واتاو ئامانجی هەر کارێکی ئەدەبی و هونەری بگا، بەڵام هیچ کاتێ ناشێ ئەم باشتر لێ تێگەیشتنە پێوەند نەبێ بەباش تێگەیشتنی بارودۆخی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی هێنانە بەرهەمی ئەو کارە ئەدەبی و هونەری یەوەو، هەروەها ناشێ لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخە مێژووییییە دەرچێ کە بەرهەمەکەی تێدا خوڵقێنراوە، بۆ ئەوەی شتی وای نەخرێتە ئەستۆ لەگەڵ ئەو بارودۆخە نەگونجێ. هەر ماناو واتایەکی نوێ بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری بدۆزرێتەوە بە هیچ جۆرێ ڕێی تێ نەچێ لە سەردەمی هێنانە بەرهەمی کارە ئەدەبی و هونەری یەکەدا بە خەیاڵی کەسێکدا بێ، لە ساختەچی یەتی یەکی زەق زیاتر نی یە. ئیددیعای هەر واتایەک بۆ هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لەوانە نەبێ وشەکانی بەرهەمەکەو ڕێکخستن و داڕشتنیان لە سەردەمی ئەفراندنیدا بە یەکێ لە شێوە هونەری یەکانی گەیاندن بیگەیەنن، لە واتایەکی درۆینەو دەست هەڵبەست زیاتر نی یەو ئەو بەرهەمە بە بۆ دروستکردنی واتایەکی درۆینەو دەست هەڵبەستی وا بە هیچ جۆرێ نابێ بە ئەدەبێکی دەوڵەمەند.

